# كاریگەری وەرگێڕانەوەی ئەفسانەی ئۆدیب لەسەر ئەفسانەی (شاعەباس وچارەنوس)ی کوردی شێوەزاری لوڕیدا.

پ. د. سەردار ئەحمەد گەردی
پشکی زمانی کوردی- کۆلیژی پەروەردە- زانکۆی سەلاحەدین- هەرێمی کوردستان/ عیراق

**پوختە**

ئەفسانە بەو پێیەی کە فیکر  هونەرو مێژووە، گوتارێک پێکدێنێت دەتوانرێت بووترێت ئەدەبییە لەگەڵ مێژوو و میتۆلۆژیا ئاوێزان دەبێت و والە ئەقسانە دەکات ببێتە گوتارێکی ئەدەبی کە لەتوانایدایە ئاسۆی خەیاڵکردن لە ڕێگەی خەو خەیالەوە فراوان بکات و لێکدانەوەی جۆراوجۆر بگرێتە خۆ، میللەتان هەریەکەو بەشی خۆی لەو بەرهەمە ئەدەبیە هەیە و ئاستی جیاواز دەگرنە خۆ یۆنانیەکانیش یەکێ لەو نەتەوانەن کە پشکی شێریان بەرکەوتووە لەگرنگترین کەلەپوری یۆنانی ئەو هەموو ئەفسانەیەیە دەربارەی ئادەمیزاد و گەردوون، یەکێ لەوانەش ئەفسانەی ئۆدیبە (پاشای پێ ئاوساو) کە وەک شانۆگەری لەسەر شانۆی گشت میللەتان خراوەتەڕوو یەکێ لەوانەش کوردە، ئەفسانەی ئۆدیب لەکەلتوری میللەتاندا هاوشێوەی زۆرە، وە هاوشێوەی لەلای ئەلبانییەکان و هیندی و ئێرانی و عەرەبەکان بەرچاو دەکەوێت  ئەفسانەی دێرینەکان ئەو خەونانە بوون کە خەیاڵی دەولەمەند دەکردن وئاوەدانی دەکردەوە کوردیش بێ بەش نییەلەو بەرهەمە ئەدەبیە دەولەمەندە و ئەفسانەی (شاعەباس و چارەنوس) ئەفسانەیەکی کوردی شێوەزاری لوڕییە، لەزۆر لایەنەوە لەئەقسانەی ئۆدیب دەچیت، لەڕووی پالەوانی قەدەر ڕۆڵی سەرەکی تیا دەگێرێت و ئەو ڕوداوەی بەسەر هەردووو پاڵەوانەکەدا دێت لەدەست خۆیاندا نییە و قەدەر بۆی داناون توێژینەوەکەی ئێمە کەلەسەر بنەمای مێژویی کاری لەسەر دەکەین  پێکدێت لە پوختە، پێشەکی، دوو تەوەر، تەوەری یەکەم لایەنی تیۆرییە و باس لە ئەقسانە دەکەین لەڕووی چەمک زاراوەن خاسیەتەکانی ئەفسانە ئەقسانەی ئۆدیب و بۆچونە جیاوازەکان، ئەفسانەی ئۆدیب و هاوشێوەکانی، ڕەسەنایەتی ئەفسانەی ئۆدیب، تەوەری دووەم کە پراکتیکییە: بەراوردێکە لەنێوان ئەقسانەی ئۆدیب و ئەفسانەی چارەنووس کە ئەفسانەیەکی کوردییە، لەڕووی قەدەر، کارەکتەر، ڕوداو، پێشبینیکەر و هەندێ لایەنی تر، حالە جیاوازیەکانی نێوان دوو ئەفسانەکە، چۆنیەتی گەیشتنی ئەفسانەکە بەنەتەوەی کورد، ئەنجام، سەرچاوەکانن کورتە زمانی عەرەبی، کورتە زمانی ئینگیلزی...

**وشە سەرەکییەکان:** *ئەفسانە، ئۆدیب، ئەفسانەی (شاعەباس وچارەنوس)ی، شێوەزاری لوڕی، قەدەر.*

**پێشەکی**

ئەفسانەئەو حیکایەتە پیرۆزەیەکە ، گوتارێک پێکدێنێت دەتوانرێت بووترێت ئەدەبییە لەگەڵ مێژوو و میتۆلۆژیا ئاوێزان دەبێت و واڵە ئەفسانە دەکات ببێتە گوتارێک ئەدەبی کە لەتوانایدایە ئاسۆی خەیاڵکردن لە رێگەی خەو خەیالەوە فراوان بکات و لێکدانەوەی جۆراوجۆر بگرێتە خۆ، میللەتان هەریەکەو بەشی خۆی لەو بەرهەمە ئەدەبیە هەیە و ئاستی جیاواز دەگرنە خۆ یۆنانیەکانیش یەکێ لەو نەتەوانەن کە پشکی شێریان بەرکەوتووە لەگرنگترین کەلەپوری یۆنانی ئەو هەموو ئەفسانەیەیە دەربارەی ئادەمیزاد و گەردوون، پالەوانی زۆربەی ئەو ئەفسانانە ئەوەندە بەناوبانگ بوون، سەربردەیان لەسەر هەموزمانێکە لەنەتەوە جیاجیاکان و گشت کونجێکی ئەو گەردونە کێ هەیە لەئێمە (کیوبید)ی پەیامبەری خۆشەویستی و هەڵگری تیری ئەوین نەناسێت ئۆدیب( پاشای پێ ئاوساو) کە وەک شانۆگەری لەسەر شانۆی گشت میللەتان خراوەتە ڕوو یەکێ لەوانەش کورده، ئەفسانەی ئۆدیب لە کەلتوری میللەتاندا هاشێوەی زۆرە، وە هاوشێوەی لەلای ئەلبانییەکان و هیندی و ئێرانی و عەرەبەکان بەرچاو دەکەوێت ئەفسانە دێرینەکان ئەو خەونانە بوون کە خەیاڵی دەولەمەند دەکردن و ئاوەدانی دەکردەوە بەرەو هەرکوێ هەنگاویان بنابا بەرو پێشکەوتن لەو ژیانە سەرەتاییە کە تیایا دەژیان بەرەو ژیانی شارستانەت و جێگیربوون، ئینجا بیرکردنەوە لەنهێنی ئەوگەردوونە، و ڕاڤەکردنی ئەو هێزە لەتوانا بەدەرانەی لەپشت ئەو جیهانە خۆیان حەشارداوەو دەبنە هۆکاری ژیان و مردن، کوردیش بێ بەش نییە لەو بەرهەمە ئەدەبییە دەولەمەندە و ئەفسانەی ( چارەنوس) ئەفسانەیەکی کوردی شێوەزاری لورییە، لەزۆر لایەنەوە لە ئەفسانەی ئۆدیب دەچێت، لەرویی پالەوانی ئەفسانەکە و ڕوداو کەسایەتییەکان و قریاد ڕەس و گرینگرتین خاڵ قەدەرە، کە هەردوو ئەفسانە قەدەر ڕۆڵی سەرەکی تیا دەگێرێت و ئەو ڕوداوەی بەسەر هەردوو پالەوانەکەدا دێت لەدەست خۆیاندا نییە و قەدەر بۆی داناون چیرۆکی ئۆدیب بەیەکێ لە بەناوبانگترین چیرۆکەکان دادەنرێت لەشارستانییەتی ڕۆژئاوادا، ئەو ناوبانگەشی بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ شانۆگەریەکەی کەدانەرە تراژیدیە یۆنانیەکەی ، کە (سۆفۆکایس)ە، کە شانۆگەری (ئۆدیب پاشا)ی داناوە لەسەر ئەو بنەمایەش گەڕان بەدوای بنچینەی ئەو چیرۆکەی کە ئەم بەرهەمەی نەمرە دەیگرێتە خۆ سەیر نییە، هەروەها پۆلێن کردنی لەنێوان ژانرە ئەدەبیەکان دا جیاوازییەکی گەورەی لەنێوان توێژەراندا بەرپاکردووە.

سنوری توێژینەوە:

ئەفساانەی ئۆدیب و کاریگەری لەسەر ئەفسانەی شاعەباس وچارەنوس.

میتۆدی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا ( میتۆدی مێژویی) بەکاردەهێنین چونکە ئەومیتۆدە بۆ بەراورد کردنی دوو ئەفسانەکە لەڕووی مێژوویی و کەسایەتی و سەرهەڵدانیان لەناو کۆمەڵگا و بیرباوەڕی ئەم سەردەم. زۆر گونجاوە.

کێشەکانی توێژینەوە:

ئەو کێشەیەی ئەم توێژنەوە دەیخاتە روو گرینگی ئەفسانەی ئۆدیب و کاریگەری لەسەر ئەفسانەی میللەتان بەگشتی و ئەفسانەی کوردی بەتایبەتی و ڕەنگدانەوەی لەئەفسانەی (شاعەباس و چارەنوس)دایە.

**تەوەری یەکەم: ئەفسانە چەمک و زاراوە و ئەفسانەی ئۆدیب:**

وشەی ئەفسانە بەزۆر مانای جیاواز بەکاردیت، هەر لە بەرکارهێنانمان لە قسەکردنی ڕۆژانە، هەتا ئەو پێناسە بێ هاوتایەی کە پسپۆران پێی دەبەخشن لەبوارە جیاوازەکاندا، وەک بواری دەروونناسی و ئەنترۆپۆلۆجیا، مێژوو ئاینەکان، بەجۆرێک کەبە مەسەلەیەکی بێ سود دانانرێت، لەوانەیە بەرامبەری بکەین لەگەڵ ژمارەک مەزەندەی واقیعی کە پەیوەستە بەیەکێ لەسەرگوزەشتە گەورەکان لەسەردەمی یۆنانی کۆن. (ماری دیلکۆر) دەڵێت:- ئەفسانەی ئایینی هەوڵێکە بۆ تەفسیکردنی واقیعێکی نەگبەتی کە هەستی پێدەکەین وەک ئەوەیە کە بە نێهێنیەک بەرگ کرابێت. (میرسیا ئیلیاد) وتبوی کە نیشانیەکی هەستپێکراوە لە هەڵبژێردراوی خواوەند، هەروەها ئامادەیان دەکات بۆ پالەوانیەتی دەگێرێتەوە کە ئەفسانە مێژویەکی پیرۆزە، ئەو ڕوداوێکمان بۆ دەگێڕێتەوەکە لەزەمەنێکی زۆر کۆن ڕویداوە، زەمەنی سەرەتاکانی خورافیەت، ئەفسانەکان بەگشتی وەسفی هێرشە پیرۆزەکان دەکەن (یان خارقە سروشتییەکان) کە هەندێ جار جۆراوجۆر سەرنجراکێش و کاریگەرە لەسەر دونیا، و هێرشی پیرۆز کە بەحەقیقەت جیهان بنیات دەنێت، هەر ئەوە کە وادەکات لەسەر ئەو شێوەیەی ئێستای بێت. ئەفسانە چیرۆکێکی پیرۆزەپەیوەستن بە گەردوون و بوون و ژیانی ئادەمیزاد ، مێژوونووسان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەفسانە دەگەڕێتەوە بۆسەردەمیکی زۆر کۆنی میژووی ئادەمیزاد پێش فێربوونی نووسین بە ماوەیەکی زۆر دوورو درێژ ،کەواتە مێژووی سەرهەڵدانی ئەفسانە زۆر کۆنە .توێژەرو فەیلەسوف (میرسیا ئیلیاد) دەڵێت (لەلای یۆنانیەکان واتای حیکایەت دەگەیەنیت ،و ئەفسانە ڕوداوێک دەگێڕێتەوە کەلەسەردەمی سەرەتاییەوە ڕویداوە ، جائەوەی هاتۆتە بوون گەردوون بێت یان پاژێک بێت لە گەردوون ،ئەفسانە شتێک ناگێڕێتەوە کە بە ڕاستی رووی نەدابێت ،و ئەوە تەفسیر دەکات کە بوونەوەرەو بە حەقیقەتی بوونی هەیە ،بۆیە ئەفسانە

حیکایەتێکی ڕاستەقینەیە . دەڵێت :- ئەفسانە لە پێویستییەکی قووڵی ئاینی و شێوازێکی ڕەوشتی و ىبەرزەفتکردن و بەرەنگارییە کان کە بە شێوەی کۆمەڵایەتی و پێویستییە کارەکیەکان دەردەکەون ،لە شارستانیە کۆنەسەرەتاییەکاندا ئەفسانە ڕۆڵێکی پێویست دەگێڕێت و گوزارشت لە بیروباوەڕە ئاینیەکان دەکات ، تەفسیرێکی ڕاستەقینەی ئاینە سەرەتاییەکان و حیکمەتی کارەکی بووە وەک (مالینۆفسکی ) دەڵێت .(بشور، ٢٠١٣ ، ١١ )ئەفسانە کۆڵەگەیەکی بنچینەییە لە شارستانیەتی مرۆڤایەتی ، ئاینیەکان ڕێکدەخات و بەتینیان دەکات ،پرنسیپە ڕەوشتیەکان دەپارێزێت ، پشتگیریان لێ دەکات ،چالاکیە تقوسیەکان دەگرێتە خۆ وئەو یاسا کرداریانەی تیایە کە مرۆڤ دەپارێزێت ،

**خاسیەتەکانی ئەفسانە:**

١. لەڕوی شێوەوە ئەفسانە چیرۆکێکە چنین و گرێ و کەسایەتی داڕێژراوی تیایە لەنێو قالبی شیعریدا کە یارمەتیدەرە بۆ خێرای وەرگرتن و ئەزبەرکردن ،هەروەها کاریگەری لەسەر سۆزو دڵان پێدەبەخشێت

٢. دەقی ئەفسانەیی پارێزگاری لەجێگیری خۆی دەکات بۆماوەیەکی دوورودرێژ،نەوەکان دەیگوازنەوە هەتاکوپارێزگاری لە توانای ئیحائی خۆی بکات بەگوێرەی کۆمەڵێک ،بەبێ ئەوەی ئەمە مانای چەقبەستوویی و بەبەردبوون بگەیەنێت ، بیری ئەفسانەیی توانای هەیە لەسەر داهێنانی ئەفسانەی تازە یان تازەکردنەوەی خودی ئەفسانەکان یان ڕێکخستنەوەیان .

٣. بابەتەکانی ئەفسانە بە جددییەت و گشتگیری جیادەکرێتەوە،وەک بابەتەکانی پتکهاتن و ئسول و مەرگ و جیهانەکەی تر و مانای ژیان و نهێنی بوون ،ئەفسانە لە بابەتبکانیدا لەگەڵ فەلسەفەداهاوبەشە ،بەڵام فەلسەفە بە چەمک و زانستەکان پەنادەباتە بەر عەقل ،لەکاتێکدا ئەفسانە پەنادەباتەبەر خەیاڵ و سۆزو ڕەمزەکان .

٤. ئەفسانە نامەیەک ئاراستە دەکات کە پەیوەست نییە بە زەمەنەوە نە بە هیچ سەردەمێکی دیاریکراو ،بەڵکو نامەیەکی سەرمەدیی نەمرەلە پشت گۆڕانکارییەکانی زەمەنی ئادەمیزادی کەوایلێدەکات ڕاست ترو حوقیقەت تربێت لەلای ئەوەی باوەڕی پێیەتی لەگشت ناوەرۆکێکی مێژوویی و گێڕانەوەیی تر .

٥. ئە پێسوو باوەڕی بە گشت ئەفسانە بەشێوەیەکی بەتین پەیوەست دەبێت بە سیستەمێکی ئاینی دیاریکراو ،و کاردەکات بۆ روونکردنەوی بیروباوەڕەکانی و دەچێتە ناخی تقوسەکانی ،بەجۆرێک کە گشت بنەماکانی لەدەست بدەدات گەر بێتوو لەو سیستەمە جیاببێتەوەو دەگۆڕێت بۆ شتێکی تر کە ئەفسانە نییە ،

٦. ئەفسانە خاوەن پیرۆزییەک و دەسەڵاتێکی مەزنە لەسەر عەقل و دەروونی کەسەکان ،ئادەمیزادی پێشوو باوەی بە گشت عەوالمەکانی کە ئەفسانەکان وەک بەهایەکی بنچینەیی کە دەسەڵات و کاریگەرییەی لەسەر عەقل و دڵدا هەیە(السواح ، ٢٠٠١ ، ١٤)

**ئەفسانەی ئۆدیب و بۆچونە جیاوازەکان.**

**ئەو تیۆرانەی کە کاریان لەسەر چیرۆکی ئۆدیب کردووە.**

ئەفسانەی ئۆدیب لەدەلالەتە ڕەمزییەکانیەوە بۆتە مایەی گرینگی پێدانی توێژەران، زۆر تیۆر دەرکەوتون و ئەم ئەفسانەیان لەزۆر لایەنەوە وەرگرتوە (شانۆگەری تراژیدیەکەی سۆفۆکلیس برێکی زۆر لەو گرینگیدانەی گرتۆتە خۆ، چونکە سۆقۆکلیس وای لەو ئەفسانەیە کردووە ببێتە مەزنترین دەقی ئەدەبی کە لە سەردەمە کلاسیکیەکانەوە دەرکەوتووە. لەو توێژینەوە کۆنەکانی کە کاری لەسەر ئەم ئەفسانەیە کردووە ( تیۆری سروشتییە ) کە سەر ئامەدەکەی ( مایکل برێل)ی فرنسییەن برێل وا دەروانێتە ئۆدیب کە ڕەمزی ڕووناکییە، و لەدەستدانی چاویشی دەلالەتە لەوون بوونی ڕۆژ لە ئێوارەدا، و برێل بریاردەدات کە ململانێی ئۆدیب و سفینکس کە ڕەمزە بۆ تەم ومژی عاسیفە ڕوداوی سەرەکی چیرۆکەکەیە ، و سیفنکس نموونەی ڕەسەنی (للمردە الاسطورين) برێل جیاکاری دەکات لەنێوان ئەو ڕوداوە گرینگە و ڕوداوەکانی تری چیرۆککە، وەک کوشتنی باوک، مارەکردنی دایک بەخستنەسەرێکی تاخیریان دادەنێت بۆ حیکایەتەکە ، ئەمە ڕێکدەکەوێت لەگەڵ گریمانەکەی توێژەر کە ڕوداوەکانی چیرۆکەکە بە پێی کات لەدوای یەک نەهاتون بەڵکو هەندێکیان لە قۆناغێکی دوانر زیادکراون، ناوی حیکایەتەکەو حەقیقەتە بنچینەییەکان تیایا سیمای ڕەسەنن تیایا ئەوانەی کە لەدەلالەتێکی سروشتی هەلدەگرن، بەڵام ڕێکخستنی ڕوداوەکان و زیادکردنی ڕەنگێکی ڕەوشتی بۆ سەر حیکایەتەکە و زیادکردنی دواجاران))( Lessa,wiliam,Aodeipus-Tale Type in oceania 114-126 , )).هەریەک لە (بریل) و (ماکس میولەر) بۆ ئەوە دەچن کە ئاراستەی سروشتی لەحیکایەتی خورافیدا ئاماژە بۆ ئەوە قۆناغە مێژووییە دەکات کە جەخت لەسەر ئەو یەکەم نەزعەی مرۆڤایەتی بەرەو برواهێنان بەسروشت))(الرفاعی،١٦،٢٠١٩).هەندێ لەو باوەڕەدان کە ئەفسانە ڕەگەزی تازەی بۆ زیادکراوە بۆ ژموونە ؛-توێژەری فرنسی (لیو بۆلدکۆنستانس) لەگەڵ ئەو ئاڕاستەدان جەخت لەوەدەکاتەوە کە ئاراستەی ڕەوشتی لە لێکۆلینەوەی ئەفسانەییدا فراژێکی لاوەکییە لەو توێژینەوەیەدا ، لەقۆناغە مێژوویە تاخیرەکان دەرکەوتوە، شاعیرا بەقەسد رەگەزی تازەیان خستۆتە سەر ، لەچیرۆکدا هاوشانی چەمکی قەدەری جەبرییە کە باوە لای یۆنانییەکان، رەگەزە تازەکان لە سیاقی چیرۆکدا

جێگەی گرینگیدانی لێکۆڵەرەوەکان بو(س،پ).وەک زیادکردنی ئەژدیها بۆ ئەفسانەکە لەدواقۆناغەکانەوە ئەنجام دراوە (لەواقیعدا هەلوێستی هەریەکە لە (بریت و کۆنستانس) بەتەواوەتی دژی بۆچونی توێژەری فرەنسی (دۆمینیکۆ کۆمباریتی)یە کە بریاردەدات ئۆدیب مرۆڤە، لەبەر ئەم بنەمایەش ڕەگەزی عەزیا (سیفینکس) لەچیرۆکەکەدا زیادکردنێکی زۆر پاش کەوتووە، بۆچونی (کۆمبارتی) ئەفسانەکە خاوەن مەبەستێکی فێرکارییە، مەبەستی ترس و تۆقاندنە لە بکوژی ڕووبەڕووبونەوەی پالەوانەکە لەگەڵ عەزیا، (کۆمبارتی بۆ ئەوە دەچێت کە ئەفسانەی ئۆدیب لە بنچینەدا حیکایەتێکی میللییە، لەو ڕووەی باسی بەدەستهێنانی پاداشتێکە ئەویش بوو کە لەبری ئەو کارە قارەمانیەتییە ئەنجامی داوە)(الرفاعی،١٦:٢٠١٩).

## ڕەمز:

هەندێ لەتوێژەران پێیان وایە کە هەریەکە لە کارەکتەرەکانی نێو ئەفسانەکە ڕەمزیکن بۆ دیاردە سروشتیەکان کە خۆی لە خۆیدا نیشانەی ترس و دڵەڕاوکی و تۆقان بوون بۆمرۆڤەکان .(جۆرج کۆکەس) لەنێو سروشتییەکاندا لەهەمویان زیاتر گرینگی بە خستەسەری مانای رەمزی دەدات بۆسەر هەر ڕەگەزێک لە رەگەزەکانی ئەفسانە، بەم پێیەش (سفینیکس) رەمزی تاریکی و تەمتومانی نزمە و ترس و تۆقان دەخاتە دلی پیاوان، ئەو خەمە چڕەکاتەوە هۆکارەکەی وشکە ساڵییە، لەکاتێکدا ئۆدیب ڕەمزە بۆ ڕووناکی ورۆژ ، ئەو تونایەی هەیە کە لوغزە حەلبکات،کە هی (سفینیکس)ی تاریکییە، وبەسەریا سەردەکەوێت و دەست بەسەرداگرتنەکەی تەهدید کردنی خەڵک دا دەگرێت و ئەویش بەهەلوەشاندنەوەی تەم و مژ بەهۆی تیشکی ڕۆژەوە و گۆڕینی بۆ باران و ون بوونی لەسەر زەوی)(س،پ).لەلای هەندێکیشیان ڕەمزئاوێتەی واقیع دەبێت و شتیکی تازەی لێ دێتە ئاراوە

(کارل ڕۆبەرت) واقیع و ڕەمز تێکەڵ دەکات، کاتێک کە بریاردەدات ئۆدیب لەبنچینەدا خواوەند بووە و گریکەکان پەرستویانە، ئەوە دەخاتە سەر کە دەڵێت : (کاتێک کە ئۆدیب مرد لە گۆڕستانی (دیمیتری) خواوەندی زەوی کە لەبنچینەدا دایکیەتی نێژرا. ئەمەش مەغزای هاوسەرگیرییەکەی لە دایکیمان بۆ لێک دەداتەوە، کە هەندێ توێژەر تێ دەڕوانن کە بکوژی خوێشانە، پەیوەندی دیمیتری بە زەوییەوە تەبریری ئەو کارەداەکات کاتێک کە لەزەوی دایک بێت ئەوا گشت کوڕەکانی دەبن بەهاوسەر، موعاناتی ئۆدیب پاش سمینی چاوەکانی ڕەمزە بۆ ، خواوەندی گشتی کە لەبەهاردا لەدایک دەبێت ، بەڵام بەئێش و ئازار دەتلێتەوە و لەزستاندا دەمرێت،، باوکی ئۆدیبیش خواوەندی سونەتی کۆنە ئەوەی کە پێویستە بکوژرێت بۆ ئەوەی بکوژرێت و بوار بڕەخسێنێت بۆهاتنە ناوەوەی سونەتی نوێ، لەسەر ئەم بنەمایە بکوژی خوێشان و کوشتنی

باوک دوودیاردەی پەیوەستن لە پەرستنی سروشتدا کە بەکۆنترین ئاین لەقەلەم دەدرێت، بەم پێیەش ئەو دوو دیاردەیە بەتاوان دانانرێن تەنیا ئەوکاتە نەبێت کە خوای سروشت پیاو بێت و زەویش ژن)( الرفاعی، ٢٠١٩ :١٦).

ڕۆبەرت لەگەڵ توێژەرانی یەکەمی فۆلکلۆر یەکەمی ڕێکدەکەوێت کە ڕوانینە چیرۆکی ئۆدیب کە ڕۆمانێکی خورافییە لەسەربنەمای حەقیقەتی مێژووی بنیات نراوە، ڕۆبەرت بەشوێن ڕەگەکانی چیرۆکی مێژووی دەکەوێت لە دووتوێی شوێنەکانی عیبادەتی پەیوەست بەخۆیان ڕۆبەرت پێیوایە کە ناوچەی ( بویۆتیا) و بەدیاریکراویش گوندی (ئەتینۆز) ئەو شوێنەیە کە چیرۆکی ئۆدیبی بۆ دەگەڕێتەوە)(Robert 44-45 ).؛کەواتە ئۆدیب ڕوداوێکی ڕاستەقینەیە بەشێوەی ڕۆمانێکی خورافی خراوەتە ڕوو.

**ئەفسانەی ئۆدیب و هاوشێوەکانی.**

**هەندێ نموونە لەو حیکایەتانەی کە چیرۆکی ئۆدیب دەچن.**

لەئەدەبی میللەتاندا زۆر حیکایەت بەدی دەکرێن کە هاوشێوەی حیکایەتی ئۆدیبن و زۆر لەتوخمەکانیان هاو شێوەی یەکترن لێرەدا هەندێ لەو حیکایەتانە دەخەینەروو:

**حیکایەتەکەی شانامەی فیردەوسی:**

ئەو چیرۆکە کە لەشانامەدایە بابەتەکەی دەربارەی شاژنێکە بەناوی(هیومای) پاش مردنی مێردەکەی کوڕێکی دەبێت، فەرمان دەدات مەلۆتکەکە بخەنە ناو سەندوقێکەوە کۆمەڵێ زێڕو گەوهەریش دەخاتە ناو سەندوقەکە، فڕێیدەدەنە ناو روباری فورات، خێزانێکی کەم دەرامەت دەیگرنەوەو بەخێوی دەکەن، ناو دەنرێت (دەهراب) کە گەورە دەبێت دەزانێت کە ڕەسەنی شاهانەی هەیە، دەبێت سوارچام، دواجار ماڵەکە جێدەهێڵێت بۆ ئەوەی بگاتە ئەو لەشکرەی کە دایکی ناردبووی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆمەکان، سەردار لەشکر دەیناسێت و لەناو شەڕەکەدا دەردەکەوێت بەسەر دوژمناندا زاڵ دەبێت، دوای گەڕانەوەی دایکی دانی پیادەنێت کە کوریەتی، بەشوێنگرەوەی خۆی دادەنێت))(الرفاعی ،١٣:٢٠١٩).

**حیکایەتێکی ئەلبانی**

دەگێڕنەوە کە پیاوێک لەگەڵ سپێدەی بەیان دەچێت بۆ کێوبۆ بڕینەوەی هەندێ دار تاکو لانکێک دروست بکات بۆ منداڵە چاوەڕوانکراوەکەیان لەوێدا گوێیی لێ بوو کە ئەجندەیەک بەدەستەخوشکێکی دەوتت ئەو پیاوە دەبینی کوڕێکی دەبێت ،کە گەورەبوو باوکی دەکوژێت و هاوسەرگیری لەگەڵ دایکیدا دەکات وای کرد پیاوەکە

سەری لێ بشێوێ و مەراق بیگرێت، دواجار دەستی بەکارەکەی کردەوە و تەواوی کرد لانکەکەی هەڵگرت بۆماڵەوە گەڕایەوە، کاتێ کە گەڕایەوە ماڵەوە بینی ژنەکەی کوڕێکی بووە، لەناو لانکەکەی داناو خشڵ و مۆری تایبەت بە لەدایکبونی لەملکرد. پاش ئەوەی کورەکە کەمێ گەورەبوو، باوکەکە نەی دەتوانی قسەی جنۆکەکە لەبیر بکات، نهێنیەکەی لای ژنەکەی درکاند، بڕیاری دا کورەکە لەکۆڵ خۆی بکاتەوە بەوەی کە بیخاتە ناو سەندوقێکەوە فڕێیبداتە ناو دەریا، شەپۆلەکان دووریان خستەوە، دواجار لەکەنارێک گیرسایەوە خودای مەزن بزنێکی بۆ ڕەخساند کە هەموو ڕۆژێ دەهات و شیری دەدایێ، ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕێبوارێک بەلایا تێپەڕی و دڵی پێ سووتاو لەباوەشی کردو بردیە ماڵەوە، ژنەکەی وەک یەکێ لەمنداڵەکانی بەخێوی کرد، پاش ئەوەی کوڕەکە گەورەبوو لەڕێگەی بازوبەندەکەی، ئەوە لەسەر مێشکیا چەسپا کە دەبێ کوڕی یەکێ لەپاشاکان بێت، بڕیاری دا سەری خۆی هەڵگرێت وبڕوات بەدوای دایک و باوکیدا بگەڕێت سالانێکی زۆر ڕابرد هەر دەگەڕا، دواجار گەیشتە شارێک کە خەلکەکەی دژی پاشا زۆردارەکەیان شۆرشیان هەڵگیرساند بوو، ئەو کوڕە کە متمانەی بەخۆی بوو چووە ناو حیزبێکی موعارەزەوە بیری لەوە دەکردەوە کە پاشا بکوژێت و دەسەلات بگرێتەدەست، لەوکاتەی کەبیری لەپلانێک دەکردەوە کە پاشا لەناوببات، سێ گالیسکەی بەهەمان ڕێگەی ئەودا تێپەرین، پاشا لەناو یەکێکیاندا بوو، گەنجەکە سەرکەوتە سەر گالیسکەکە بەبیانوی قسەکردن لەگەڵ پاشا. شیرێکی لەپاشادا و کوشتی، گالیسکەکەی بەرەو ناوشار لێخوری، خەلکەکە لەبری ئەوە کردیان بە پاشا و عەرشی ولاتیان تەسلیم کرد، لەگەڵ شاژن ژنی پێشوی پاشا هاوسەرگیری کرد، پێش ئەوەی ساڵێک تێپەری خودا کوڕێکی پێ بەخشن کە سۆمای چاوی دایک و باوکی بوو، بەلام مەسەلەیەکی غەریب ڕویدا ئەویش ئەوە بوو پاشا هەرکاتێ بانگی ژنەکەی دەکرد دەی وت دایە، ژنەکەش هەر کاتێ بانگی مێردەکەی دەکرد دەی وت کوڕم، ڕاوێژیان بە عەرافێک کرد، ئەویش تەئکیدی کردەوە کە ئەوان لەیەکترەوە نزیکن، پاش بیستنی ئەوە بڕیاریان دا کە ڕابردووی خۆیان ئاشکرا بکەن، کاتێ ژنەک ئەو خشڵەی بینی کە کاتی خۆی لە ملی منداڵەکەیان کردبوو تەئکیدی کردەوە کە ئەمە کوڕیەتی ، باوکی خۆی کوشتوو هاوسەرگیری لەگەڵ دایکیا کرد، لەبەر ئەمە پاشا ژنەکەس خۆی کوشت، کورەکەش کوشت دوجار ئینیخحاری کرد، کاتێ شاژن لە گیانەلادابوو گۆرانی لانکۆڵێنی دوبارە دەکردەوە، کە لوغزێکی تیا بوو، دەبینی کە خانووەکە بەسەریاندا دەرمێت و دەکەونە ژێر دار و بەردەوە، لەسەرتای حیکایەتەکە دەی ووت: وسبە رۆڵە، ئەی کوڕی کوڕم، ئەی کوڕی بووکم، ئەوەی کە کوڕی مامە)(الرفاعی،٢٠١٩،٢٤).

دەبینین حیکایەتەکە لەدەوری سێ پاژی سەرەکی دەسورێتەوە ئەوانیش: پێشبینی نەعلەت لێکراو، فرێدانی منداڵەکە بۆناو دەریا، کوشتنی باوک و هاوسەرگیری لەگەڵ دایک ئەو ڕوداوانە لەزۆربەی گۆڕانەکانی ناو حیکایەتەکە دوبارە دەبنەوە، ڕوداوی دووەمیان لەهەموان بڵاوترە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سێ بەشە یەکیەتییەکی بابەتی کۆیان ناکاتەوە، هەندێ دژایەتی تیا دەردەکەوێت ، بۆنموونە باوکەکە لەسەرتای حیکایەتەکە پاش نەبوو بەڵکو جوتیاربوو، کە لە ناوچەیەکی شاخاوی باکوری ئەلبانیا لەدایک ببوو، بەڵگەش بۆ ئەمە لە شاخ داری دەبڕی بۆ ئەوەی بیکاتە بێشکە بۆ کورەکەی بەڵام لە ڕوداوی سێیەمدا دەبینین پاشایە و سواری گالیسکەیەک بووە، ئەمەش دەلالەتە لەوەی کە ئەو ناوچەیە دەشتاییێکی دوور لەشاخەکانی باکوری ئەلبانیا و ئەو مندالەی کە فرێیدایە ناو دەریا شەپۆلەکان بۆ شوێنێکی دوور لەزێدی خۆی گواستوویانەتەوە، سەرەڕای ئەمانە گەنجەکە کە مالێی جێهێشت لەزۆر وڵاتان گەڕا و زۆر دوورکەوتەوە لەشوێنی نیشتەجێ بوونی ، لەگەل ئەوەشدا کوڕەکە پاشا دەبینیێتەوە و دەیکوژێ و ژنەکەس مارەدەکاتەوە، لەسەر بنەمای قسەی جنۆکەکە، ئەو پاشایەی کە کوشتی باوکی بوو و ئەو ژنەی مارەی کرد داکی بو، بۆیە دایکی و مندالەکە دەکوژێ ئینتیحار دەکات ، لەو حیکایەتە خەلکە ەی بەڕێدا تێپەردەبن بەدی ناکرێت، تاکو سەرپشکیان کات لە حەلی لوغزەکە یان لەناو چوونە، ئینجا پاشا لەناو گالیسکەدا دەکوژرێت کە لەحیکایەتە میللییەکان گالیسکە بەدی ناکرێت، زۆر پێدەچێت حیکایەتە لەشانۆگەری ئۆدیبەوە وەرگیرابێت) (الرفاعی٢٥،٢٠١٩).لە حیکایەتەکەدا هەندێ دژەبۆچوون هەیە کابرا هەأارە بەڵام کوڕەکە بازی بەندی لەقۆڵدایەو هەست دەکات کوڕەپاشایە ،جگە لەوە کابرا دارکەرە لەکاتێکدا دەبینین پاشایە ئەمەو هەندێ شتی تری تیایە تێک ناکەنەوە ،

**نموونەی هیندی:**

وادەگێڕنەوە کە لەهیند کچێک لەدایک دەبێت و نیشانەی لەعنەتی بەتەوێلیەوە دەبێت، ئەویش ئەوەیە کە دوجار شوو بەکوڕی خۆی دەکات و کوڕێکی لێ دەبێت، کاتێ کچە دەگاتە تەمەنی دوانزە ساڵی، زۆر دەترسێت لەزانینی ئەوە، لەدارستان لەسەر چاو دەکەوێت و لەسەر میوەجاتی دارستانەکە دەژی و ڕۆژێک مانگۆیەک لەدارێک لێدەکاتەوە کە کاتی خۆی پاشا مێزی لە ژێردارەکە کردبوو مانگۆکەی خوارد، دواجار سکی دەبێت و کورێکی دەبێت. مندالەکە لەپارچەیەک کراسیە سارییەکەی ( کە کراسی ئافرەتانی هیندییە) دەپێچێتەوە، و گەورە دەبێت، دەبێتە گەنجێکی قۆزی ئازا، گەنجەکە خووی بە ڕاوو شکارەوە گرتبوو، لەیەکێ لە گەشتەکانی ڕاو توشی کچەکە دەبێت کە دایکیەتی، و یەکتریان خۆش دەوێ و هاوسەرگیری دەکەن، کوڕێکیان دەبێت، بەپێی داب و نەریتی هیندییەکان منداڵەکە لەناو ئەو بێشکە دەپێچرێتەوە کە باوکی تیا پێچرابوو، کاتێ

دایـکەکە ئەو پـارچە سارییەی بینـی کە منـداڵەکەی تیـا پێچـابوو، درک بەوە دەکـات کـە ئەوە گەنـجەی شـووی پێکـردووە کـوری خۆیەتی، تووشـی تـرس و تۆقـان و دڵەراوکـێ دەبێت، چاوەڕوان دەکات هەتا هەمووان دەخەون، ئینجا لەو قوماشە سارییەکە پەتێک دروست دەکات و خـۆی پــێ هەڵدەسـێت کۆتـایی بەژیـانی دێـت)(Ramanujan 234-261).ئەو لایـلایەی کـە دایکەکە بۆ منداڵەکەی دەیکات پێش خۆ لوغزێکی تیایە کە شێوانێکە ناسروشتی لە پەیوەنـدیە نزیکایەتیەکانـدا هەیە، لەوێـدا دایکێـک هەیە شـوو بە کـوڕی خـۆی دەکـات و کوڕێکـی لـێ دەبێت، بەمەش پەیوەنـدی خێزانـی ئـاڵۆز و نـاوازە دێـتە ئـاراوە، بەجۆرێـک کـە کوڕو نەوە یەک کەسن، هەروەها کوڕ و مێردەکەش هەر یەک کەسن، دایک و دوای مێرد کردن، کە ئەوەی سەرەتا دەبێتە دایرەی بابەتەکە (الرفاعی ٢٠١٩،٢٨). کێشەکە ئەوەیە ئەو ماوەی تەمەنی میر ئەو کچە هەرلە دارستانەکە مابووەوە ، جگەلەوە لەوماوە یەدا ئەوکچە هیچ گۆڕانکاری بەسەردا نەهات ،هیچ نەبێت تەمەنیان نزیکەی بیست ساڵ جیاواز بوو.

**نموونەیەکی عەرەبی:**

**حیکایەتی شێخە عەرەبەکە ( نموونەیەکی سوورییە):**

لەکەلەپـوری عەرەبیـدا تەنیـا یەک نمـوونە دۆزراوەتەوە کە دەکەوێتەخـانەی تەرزی ٩٣١، ئەویـش دەقێکـی سـوورییە بەنـاوی (شـێخی عەرەبـان) وا دەگێـڕدرێتەوە کە پاشـایەکی عەرەب هەبـووە ئـاواتە خوازبـووە، خـودا کـوڕێکی پـێ ببخەشـێت، بەڵام ژنەکەس کچێکـی دەبێت و دەمرێت، مامـانەکە لەترسـی ئەوەی نەوەک پاشـا لە ڕقـا منـداڵەکە بکوژێت جلـی کوڕانە دەکاتە بەر کۆرپەکە، کاتێ کە منـداڵەکە تەمەنـی دەبێتە دوانـزە سـاڵان کـوڕی یەکـێ لەپاشـاکان سـەردانی ئەو مەمـلەکەتە دەکـاتە کـۆرپەکە، کـاتێ کە منـداڵەکە تەمەنی دەبێتە دوانزە ساڵان کوڕی یەکێ لەپاشاکان سەردانی ئەو مەملەکەتە دەکات قسە لەگەڵ گەنـجەکە دەکـات و دەڕوانێـت کە کـچە و هاوسـەرگیری لەگەڵ دەکـات، پـاش مردنـی بـاوکی کـچە دەبێـت مەلـیکە لەمەمـلەکەتەکەی خـۆی و لەنـاو جـل و بەرگ سکەکەی خۆی دەشارێتەوە بۆ ڕزگاروون لەکۆرپەکە داوا لە مامانەکەی دەکات شیرێکی بۆ بێنێت بۆ ئەوەی کوڕەکەی پێ بکوژێت، ملی زامارەدەکات بێ ئەوەی بیکوژێت، ئینجا فەرمان دەکا بیخەنە ناو سندوقێکەوە بیخەنە ناو دەریا، دواجار باخەوانێک دەیدۆزرێتەوە و پەروەردەی دەکـات، منـداڵەکە کە گەورەوو فێـری سەرتاشـی دەبێـت، دەبێـتە قـژ چـاکەری دایکی کە شاژنە یەکتریان خۆشدەوێت و هاوسەرگیری دەکەن بەبێ ئەوەی بزانێ کوڕی خۆیەتی، کـاتێ کە لەحەمـام بەڕووتـی بەیەکەوە دەبـن، ئەو شـوێنی ئەو بـرینە دەبینـێ کە کاتی خۆی بەشی برینداری کردبوو، داوا لە باخەوانەکە دەکات حیکایەتی کوڕەکەی بۆ بگێـڕێتەوە کە ڕاستیەکە ئاشـکرا دەبێت، کـوڕەکە دەسـت دەبـات بـۆ ئەو شمشێرەی کە لێیەوە نزیک یوو و خۆی دەکوژێت. (بشـور،٢٠١٣، ١٣٣ ).کاریگەری تەواوی ئەفسانەی ئۆدیبی

بەسەرەوەدیارە ،بەڵام ،کێسەکە لەوەدایە ماڵی خۆیان هەستیان پێ نەکردکە کچە کەچی کوڕی پاشا زانی کچەو حەزی لێ کرد و دواجا کچە دەبێتە پاشا بەڵام کەس لە ڕەعیەتەکەی نازانێت ژنە .

**تەوەری دووەم: ئەفسانەی ئۆدیب و ئەفسانەی چارەنووس کە ئەفسانەیەکی کوردییە:**

هەردوو ئەفسانەکە

ئەفسانەی ئۆدیب ئەفسانەیەکی یۆنانی کۆنە مێژووەکەیدەگەریتەوە بۆ پێش هۆمیرۆس چونکە هۆمیرۆس خستویەتە ناو ئۆدێسا ،واتە پێش سەدەی نۆیەمی پێش زاین ،، بەشێوەی حیکایەت بێت یان شانۆ گەری زۆر پێشکەش کراوە ووەرگێڕداوەتە سەرزمانی زۆربەی میللەتانی جیهان ، کوردیش یەکێکە لەو نەتەوانەی کە بەشێوەی شانۆگەری وەریانگێڕاوەتە سەر زمانی خۆیان ،ئەگەر ئەوکات بەکوردیش نەبووبێت بە فارسی لەبەر دەستیان بووە ،و ئاگاداری بوون ، لەڕووی مێژوویشەوە ئەفسانەی ئۆدیب زۆر پێش ئەفسانە کوردیەکە بووە ، چونکە گەر هەموو شتێکی لێ وەدەر نیین ئەوا باسی دەروێش دەکات کەلە ئاینی ئیسلام و بەتایبەتیش لە ڕێبازەکاندا هەیە ،کەواتە بەپێی مێژوو بێت ئەفسانە کوردیەکە کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەفسانەی ئۆدیب ،هەروەک چۆن کاریگەری لەسەر ئەفسانەی نەتەوەکانی تردا هەیە . کاریگەری ئۆدیب لەسەر ئەفسانە کوردیەکە لە چەند لایەنێکەوە بووە بەتایبەتیش قەدەر ،هەندێ خاڵی هاوبەش هەیە لەنێوان هەردوو ئەفسانەکان کە کاریگەریەکە ڕوون دەکاتەوە لە وانە؛

**هێلە هاوبەشەکانی نێوان دوو ئەفسانەکە:**

**پادشای ستەمکار**

لەهەردوو ئەقسانەکەدا پادشاس ستەمکار بەدی دەکرێت، لە ئەقسانەی ئۆدیب دا(لایۆس) کە باوکی ئۆدیبە پادشایەکی ستەمکار و زالمە، هەر لەپای ئەو ستەمەشە کە خوداوەند ئەو بەڵایەی بەسەر دێنێت.

لە ئەفسانە کوردیەکەدا هەرچەندە شا عەباس سەرەتا پادشایێکی باشە و بەتەنگ خەڵکی وڵاتەکەیەوە دێت بەڵام دواتر گەورەترین تاوان ئەنجامدەدات ئەویش کڕینی منداڵێک لەماڵە هەژارێک و زامدارکردنی و فرێدانی لەئەشکەوتێکدا.

(هەبوو نەبوو لە ژێر ئاسمانی شینا لە خوا بەولاوە هیچ کەس نەبوو، لەسەردەمی کۆن پاشایەک هەبوو، ناوی شا عەباس بوو هەرکاتێک یەکێ لەڕەعییەکانی نیگەران و گرفتاربا شا عەباس دڵی دەگوشراو ژانی دەکردو دەیزانی یەکێ بە ڕەعییەکانی گیرۆدەی گرفتاری بووە، ئەوسا بەرگی دەروێشی دەکردە بەرو دەچوو بەناو کووچە و کۆڵ ناندا

دەگەڕا، سەری بەهەموو جێیەکدا دەگرت تا ئەوکەسەیان ئەو ماڵە گرفتارەی دەیدۆزییەوە گیر و گرفتارەکەی چارەسەردەکرد، ئەوحەلە دڵی ڕادەکەوت و دەگەڕایەوە کۆشک و سەرای خۆی.

شاعەباس گەورەترین تاوان ئەنجامدەدات ئەویش کڕینی منداڵێک لەماڵە هەژارێک و زامدارکردنی و فڕێدانی لەئەشکەوتێکدا،شا عەباس کۆرپەکەی وەرگرت و بردیە چیایەک و لەوێ بە شمشێر ورگی دڕی و فڕێی دایە ناو ئەشکەوتێک. (ڕەحمانیان،٢٠٠٤، ٥٢ -٥٥)ز

## پێشبینی کەر

پێشبینی کردن لە ئەفسانەدا مەرجێکی بنچینەییەو زۆربەی هەر زۆری ئەفسانەکان پێشبینیان تیایە لەم توێژینەوەیەدا هەردوو ئەفسانەکە پێشبینی کردنیان تیایە لە ئەفسانەی ئۆدیب دا پێشبینیەکە لەکاهینی مەزنەوە بەلایۆس دەگات پاش ئەوەی لایۆس جۆکاستا(بۆکاستی، هەروەها ناسراو بیکاستی)ی هێنان وەحییێک لە _دەلفی)یەوە هەواڵی پێ گەیاند کە نابێت هیچ کوڕی لە جۆکاستای بێت، گەرنا منداڵەکە دواجار دەیکوژێت و جۆکاستا کە دایکی خۆیەتی دەیهێنێت.. لەنوسراوێکی تردا ئەسخیلۆس نووسیویەتی دەڵێت تەحزیزی لایۆس کرا ناتوانێت شارەکە ڕزگار بکات تەنیا ئەگەر بەوجاغکوێری بمرێت..( الرفاعی،١٢،٢٠١٩ ).لەئەفسانەی ئۆدیب باس لە حیکایەتی ئەو پێشبینیە دەکات کە لە خواوەندەوە دەگاتە لایۆسی پادشا، کە کوڕێکی دەبێت کە گەورە دەبێت باوکی دەکوژێت و دایکی مارەدەکاتەوە، ئەمە ئەو بیرە سەرەکیەیە کە ئەو ئەفسانەی لەسەر بنیات نراوە، چیرۆکێکی وروژێنەرە کە منداڵێک دووتاوان لەیەک کاتدا ئەنجام دەدات کوشتنی باوکی و هاوسەرگیری لەگەڵ دایکیدا مرۆڤ تووشی سەرسورمان دەکات)(ابو عسلی،٢٠١٤).چیرۆکی ئۆدیب وەک لە شانۆگەری (ئۆدیب پاشا)ی سۆفۆکلیس دا هاتووە (لایۆس)ی پادشای(تیبە) و خێزانەکەی (جۆکاستا) توشی شۆک و تۆقان و دەبن پاش بیستنی تەنەبوئەکە کە دەڵێت (منالە شیرەخۆرەکەیان کاتێ کاتێ گەورە دەبێت و دەبێتە لاو باوکی خۆی دەکوژێت و دایکی خۆی مارەدەکات.

(توێژەرانی ئەفسانە کۆکن لەسەر گرینگی و سەرەکی بوونی ڕەگەزی پێشبینی (ستیس تۆمبسون) بۆ ئەوە دەچێت کە مەسەلەی سەرەکی لە چیرۆکی ئۆدیب دا ئەو تەنەبوئەیە کە دواجار منداڵەکە باوکی دەکوژێت و دایکی مارەدەکات ، لەسەرەنجامدا دووردەخرێتەوەو، بەڵام ڕزگاردەکرێت و لەلای پاشایەکی گەنج بەخێو دەکرێت، بەڵام تەنەبوئەکە دێتەجێ و ئەنجامەکەی زۆر دڵ تەزێن دەبێت( تۆمبسۆن) ئەوەش دەخاتەسەر کە حیکایەتی ئۆدیب ئێستاش وا دەگێردرێتەوە کە حیکایەتێکی خورافیە بۆشایەتی کە

پەیوەندییەکی توند لەنێوان ئەفسانە و حیکایەتی میللی دا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا تۆمبسۆن بڕیــاردەدات، کە ئەم حیکــایەتە لە شــانۆگەری یۆنــانییەوە وەرگیراوە(الرفــاعی،٢٠١٩، ١٣) .بەهەمان شێوە لە ئەفسانە کوردییەکەش پێشبینی ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت و دەبێتە هۆی ئەوە شاعەباس ئەو کارەساتە ئەنجام بدات.(چارەنوس هەر نکولی کردو شا عەباس هەر سووربوو تا ئاجیری چارەنووس رازس بوو گوتیبزانن ئەم کوڕە بە ختێکی زۆر گەورەی هەیە و دوا ڕۆژ لەگەڵ کچی شا عباس زەماوەند دەکا، کە ئەویش تازە هەر ئێستا لەدایک بووە))(ڕەحمانیان،٢٠٠٤، ٥٢- ٥٥)

**قەدەر**

قەدەرکە ڕەگەزی بنجینەیە لە ئەفسانەدا، لەهەردوو ئەفسانەکەدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێرێت و کەسایەتیەکان هەرچی ئەنجامی دەدەن بەویستی خۆیان نییەو قەدەر بۆی داناون ،پیس ئەوەی لەدایک ببن  بۆیان دانراوە کە چی دەکەن ،ئۆدیب پێس ئەوەی بکەوێتە سکی دایکی لەچارەی نووسراوە کە گەورەبوو باوکی دەکوژێت و زەماوەند لەگەڵ دایکی دەکات و لە شوێن باوکی دەبێت بە پاشا ، هەموو ئەمانە ئەنجام دەدات بەبێ ئەوەی بزانێت و ویستی لەسەر بێت ،منالەکەی چارەنووسیش کەتازە لەدایک بووە چارەنووس دەڵێت لە داهاتوو کچی حباس پاشا دەینێو دەبێت بە پاشا ، شاعەباس بۆ ئەوەی ڕێگری بکات لەو چارەنووسە ورگی منالەکە دەدرێت و لە ئەشکەوتێک فرێیدەدات ،بەڵام ئەوە قەدەرە ڕزگاری دەکات و هەنگاو هەنگاو لەگەڵی دەڕوات تاکو چارەنووسەکەی بەتەواوەتی دێتە جێ،لەهەردوو ئەفسانەکاندا قەدەر ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت و پالەوانی ئەفسانەکە هیچی لەدەست نییە چونکە هەردوو مندالەکە پێش ئەوەی لەدایک ببن چارەنووسیان دیاری کراوە و بۆیان دانراوە چی دەکەن ئەوەتا لە ئەفسانەی ئۆدیب دا پێش ئەوەی ئۆدیب لەدایک ببێت چارەنووسەکەی دانراوە( پاش ئەوەی لایۆس جۆکاستا( بۆکاستی، هەروەها ناسراو بیکاستی)ی هێنا وەحیێک لە ( دەلفی)یەوە هەواڵی پێ گەیاند کە نابێت هیچ کوڕی لە جۆکاستای ببێت، گەرنا مندالەکە دواجار دەیکوژێت و جۆکاستا کە دایکی خۆیەتی دەیهێنێت،  لەنوسراوێکی تردا ئەسخیلۆس نووسیویەتی دەلێت : تەحزیزی لایۆس کرا کە ناتوانێت شارەکە ڕزگار بکات تەنیا ئەگەر بە وجاغکوێری بمرێت، لەیەک لەشەوەکاندا لایۆس سەرخۆش وو دواجار جۆکاستا ئۆدیبی بوو).

لەداستانی شا عەباس و چارەنوسیش دا بەهەمان شێوە قەدەر چارەنووسی پاڵەوانەکەی داناوە پێش ئەوەی لەدایک ببێت.( شا عباس لە گۆشەیەکی مالەوە بە هێمنی پاڵی دابۆوە و تەماشای ناو مالەکەی دەکرد، دیتی بەوتاریکەشەوە یەکێ بەسەری نگانی تێپەری چوو لەسەر سەری زستان و کۆرپەلەکە وەستا و دوای نەختێ گەڕایەوە و خەریکی

بوو بەکویَ دا هات بوو بەویدا بڕوات و شا عباس لیی ڕاپەری و توند مەچوکی گرت هەرچەندی کابرا کردی ئەممەچەکی بەرنە داوبەرنەدا ئەوەندەی کابرا پێی داگرت و پاڕایەوە کەڵکی نەبوو، شا عباس گوتی تا پێم نەڵێی تۆ کێی بۆچی هاتووی تەئێرە یەرت نادەم. کابرا کە دیتی شا عباس بەری نادا گوتی ئەی کابرا چاک بزانە من ( چارەنووس)م هەر کەسێ کە تازودێت دونیاوە، دەچوە سەرسەرس و چارەنووس خۆی چییە بۆی دەنووس شا عەباس کە ئەم قسەی یست گوتی ، کەواتە پێم بڵێ بزانم دوا ڵرۆژی ئەم منداڵە چییە؟!

چارەنووس گوتی : ئەمە ڕازێکە من ناتوانم بەتۆی بڵێم.

شا عەباس گوتی تا پێم نەڵێی دەستت بەرنادەم.

چارەنووس هەرنکۆڵی کردو شا عەباس هەر سووربو تا ئاجیری چارەنووی رازی بوو گوتی : بزانە ئەم کورە بەختی زۆر گەورەی هەیە دوا ڕۆژ لەگەڵ کچی شا عەباس زەماوەند دەکا، کە ئەویش تازە هەر ئێستا لەدایک بووە.)( ڕەحمانیان،٢٠٠٤، ٥٢ -٥٥)

**فریادڕەس**

لەهەردوو ئەفسانەکەدا فریادڕەسەکە شوانە ،لەئەفسانەی ئۆدیب دا پاش ئەوەی شوانەکەی لایۆس ئۆدیب بەدارەکەوە هەڵدەواسێت کشوانێکی تر لەدارەکەی دەکاتەوەو دەیباتەوە دەیداتە (پۆلیبۆس) ی پادشای (کۆرینتۆس) کە مناڵیان نابێت ئەویش بۆخۆی بەخێوی دەکات ، لەچارەنوس دا پاش ئەوەی شاعەباس ورگی منداڵەکە دەدڕێت و لە ءەشکەوتەکە فرێیدەدات بزنێک دێت شیری دەداتێ شوانەکە لە دوای بزنەکە دێت و چاوی بە منداڵەکە دەکەوێت و ڕزگاری دەکات ، ،چارەسەری دەکات و بەخێوی دەکات.

**ڕوداو**

ڕوداو لە ئەفسانە جیاوازە لە ڕوداو لەچیرۆک ڕۆماندا چونکە ئەو ڕوداوەی کە لە ئەفسانەدا هەیە زۆربەی کاتەکان لەدەرەوەی بازنەی عەقل دایە عەقل قەبوولی ناکات چونکە زێدەڕۆیی زۆری تێدایە یەکەک ڕووداوی ناو هەردوو ئەفسانەکە عەقڵ بە ئاسانی وەری ناگرێت کە منداڵێکی تەمەن چەند کاتژمێرێک دەبێت چی کردبێت تاکو وای بەسەر بهێنن، لە ئەفسانەی ئۆدیب هەر ئۆدیب لەدایک دەبێت لایۆس لەدایکی وەردەگرێت و هەردوو پاش پانی کون دەکات و دەیداتە شوانەکەیان لەدەشت فرێبدات بۆ ئەوەی بمرێت.دواجار جۆکاستا ئۆدیبی بوو، جۆکاستا مەلۆتکەکەی دایە لایۆس جۆکاستا یان لایۆس یەکەم شت هەردوو پاشپانی ئۆدیبیان کونکرد و بەیەکەوەیان گرێدا، ئینجا لایۆس (مینۆیتیس)ی سەرۆکی شوانەکانی بانگ کرد( دیارە ئەم مینۆیتیسە ئەو مینۆیتیسە نییە کەڕۆحی جیهانی خوارەوەیە) بەڵکو کۆیلەیەکە هەر لەقەسری پاسا لەدایک بووە فەرمانی پێکرد کە منداڵەکە بخاتە سەر (کیپایرون) و بەجێی بهێڵێت بۆ ئەوەی بمرێت و

لەئەفسانەی چارەنووسی شا عەباس منالەکە لەدایک و باوکەکە دەکرێت و دەیبات زامداری دەکات و بە ئەشکەوتێکدا فرێی دەدات بۆ ئەوەی بمرێت.(شا عەباس کۆریەکەی وەرگرت و بردیە چیایەک و لەوێ بە شمشێر ورگی درِی و فرێیداسە ناو ئەشکەوتێک و رۆیشت).(رەحمانیان،٢٠٠٤، ٥٢ -٥٥)

**دەست بەرداربوون لەمندال:**

یەکەم روداو لە ڕوداوەکان دەست بەرداربوونە لەمندالەکەیان و بەجێهێشتنی لەسەر چیای (سیتیرۆن)لایۆس جۆکاستا پاش ئەوەی هەست بە دلەڕاوکێە دەکەن لەو ترسەی کە منداڵەکەیان لە داهاتوو دروستی دەکات برِیاردەدەن دووری بخەنەوە، (لەتێڕوانینی (ماری دیلکۆر) کە بەراورد دەکات لەنێوان منالێەتی ئۆدیب و منالێەتی سیرۆس پێرسییە و تیلیف، یان ژیانی (ئەتلانتا) ئەوەی کە باوکی دەستبەرداری بوو چونکە کچ بوو ئەو ئارەزووی دەکرد کورێکیان ببێت، لە تێڕوانینی ماری دیلکۆر پێویستە بەدوای بنچینەی ئەو ڕوداوە سەرەتاییانەدا بگەڕێین کە دەست بەرداربوونی مندالەکە کاریگەرییێکی خراپی هەیە، ئەوانەی کە دەبنە پیامبەری شارەکە (خاوەن ئەزمونەکان) کە بەو شێوەیە تاقیدەکرانەوە، هێزێکی دوانەییان هەبوو، هێزێکی ئازاربەخش بەگوێرەی شارەکە ئەوەندی تیایا دەمانەوەن بەلام دەبوونە هێزێکی خێرخواز کاتێ لە شارەکە دووردەخرانەوە بەتایبەتیکاتێ کە لەنەهامەتەتییەکە دەردەچوون بەسەرکەوتوویی و لەتاقیکردنەوە خواوەندییەکە دەردەچوون ، ئەوە وا دەردەکەوێت بەئیعتیباری کە نیشانەیەکی هەستارە لە بێ گەردی خواوەند، گومانی تیا نییە کە زۆربە وردەکارییەکانی ئەفسانە ئۆدیبیەکان رەگ و ڕیشەی خۆیان لەو تەفسیرە دەبیننەوە)(استییە،٢٠١٢،٢١).(جۆکاستا مەلۆتکەکەی دایە لایۆس، جۆکاستا یان لایۆس یەکەم شت هەردوو پاشپانی ئۆدیبیان کونکرد و بەیەکەوەیان گرێدا، ئینجا لایۆس (مینۆیتس)ی سەرۆکی شوانەکانی بانگ کرد( دیارە ئەم مینۆیتیسە ئەو مینۆیتیسە نییە کە رۆحی جیهتنی حوارەوەیە) بەڵکو کۆیلەیەکە هەر قەسری پاشا لەدایک بووە فەرمانی پێکرد کە مندالە بخاتە بەر (کیپایرون) و بەجێی بهێلێت بۆ ئەوەی بمریت.

لەداستانی شا عەباس و چارەنووسیشدا دەروێش و ژنەکەس نەک لەترسان بەڵکو لەبەر هەژاری بەرامبەر هەندێ پارە منداڵەکەیان دەفرۆشن بە شا عەباس، واتە بۆ مالی دونیا دەست بەرداری منداڵەکەیان دەبن.((بەکورتی شا عەباس تا بەیانی نەنوست و بیری کردەوە و چارەیەک گەڕا کە بەیانی داهات چووە لای پیرەمێردی خانە خوێ گوتی وەرە ئەم کورەیەت بەمن بفرۆشە هەرچی دەتەوێ پێتدەدەم. پیرەمێرد گوتی: ڕاستە ئێمە هەژارو بێچارەین بەلام کۆرپەی خۆمان خۆشدەوێ و ناتوانین و بیدەینە دەست تۆ کە نازانین دەیبەیتە کوێ؟ شا عەباس گوتی بەلام ئێوە بەم وەزعە و گوزەرانەتان لحۆدەی بەخێو

کردنی ئەم کۆرپەیە نایەن هەر ئەوەتا سکی خۆتان پێ تێر دەکرێ. وەرن ڕازی بن من پرکەشکۆلەکەم دراوم پێیە هەموتان دەدەمێ. کابرا خۆت و ژنەکەت دەتوانن منداڵی ترتان ببێ)).بەکورتی شا عەباس ئەوەندەی پێی داگرت تا پیرەمێرد و ژنەکەی رازی بوون کۆرپەکەی پێ فرۆشت، دیارە فرۆشتنی منداڵیش زوڵمێکی گەورەیە لەو منداڵە دەکرێت.)(ڕەحمانیان،٢٠٠٤، ٥٢ -٥٥)

- **خاڵە جیاوازەکانی نێوان دوو ئەفسانەکە.**

لەئەفسانەی ئۆدیب هەندێ ڕوداو هەن لە ئەفسانەی شاعەباس و چارەنوس دا بەدی ناکێن یاخود بڵێین ڕەنگی نەداوەتەوە ،هۆکارەکەشی بۆ ئەو بیروباوەڕە ئاینییە دەگەڕێتەوە کەلەناو میللەتی کورددا هەیە ،ئەویش بیرو باوەڕی ئەو نەتەوەیەیە بە ئاینی ئیسلام کە هەندێ دیاردە هەن بەجارێک قەدەغەو حەرامن کە هەرگیز نابێ ڕووبدەن یاخود لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگ بداتەوەهەندێکیشیان قێزەون و نەفرەت لێکراون لەوانە؛

١. لە ئەفسانەی ئۆدیب (ئۆدیب) کوری خودی پاشاکەیە کە (لایۆس) ە(پاش ئەوەی لایۆس جۆکاستا(بۆکاستی ،هەروەها ناسراو بە بیکاستی )هێنا وەحییێک لە دەلفی یەوە هەواڵی پێگەیاند کەنابێت هیچ کوڕی لەجۆکاستا ببێت ،گەرنا منداڵەکە دواجار دەیکوژێت.. لەنووسراوێکی تردا

لەنووسراوێکی تردا ئەسخیلۆس نووسیوێەتی دەڵێت :- تەحزیری لایۆس کرا کەناتوانێت شارەکە ڕزگار بکات تەنیائەگەر بەوجاغکویری بمرێت ،لەیەکێ لەشەوەکاندا لایۆس سەرخۆش بوو دواجار جۆکاستا ئۆدیبی بوو.)(ابوعسلی، ٢٠١٤،٣٣)،بەڵام لە ئەفسانە کوردییەکە منداڵەکە کوڕی پیرەمێردێکی هەژارە، شاعەباس لێی دەکڕێت (.شاعەباس ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتە کاولگەیەک دیتی پیرەمێردێک بەخۆو بەهاوسەری دووگیانی لەوێ دەژین .پیرەمێرد دەروێشی داوەت کرد بۆئەوەی شەولەکاولە زنجەکەی بەسەر ببا دەروێش قەبوولی کردو لەوێ مایەوە . بەڕێکەوت هەر ئەو شەوە هاوسەری پیرەمیردەکە لەسەر مانگ و ڕۆژی خۆی بوو ژانی گرت و دوای چەند سەعاتێک سکەکەی داناو کوڕێکی بوو) (ڕەحمانیان،٢٠٠٤، ٥٢)

٢. کوشتنی باوک ،لەئەفسانەی ئۆدیب ئۆدیب باوکی خۆی دەکوژێت لەڕێگادائۆدیب گەیشتەشوێنێکەسێ ڕێگا بەیەک دەگەن (دافلیا) لێرەدا لەگەڵ ئەو گالیسکەی کە نەناسراوێک لێی دەخوڕی بەریەک کەوتن ئەوکەسە با وکی ڕاستەقینەی بوو،شەڕیان لەسەر ئەوەبوو کێ مافیتێ پەڕینی هەیە ئۆدیب بەبێ قەسد بۆ بەرگری کردن لەخۆی (لایۆس)ی باوکی کوشت (استیە ،٢٠١٢، ٢١ )بەڵام لە ئەفسانە

کـوردیەکەدا ئەوە بەدی ناکریـت و منـداڵەکە کە گەورەدەبێـت نە بـاوکی خـۆی نە شآعەباس کەسیان ناکوژێت.                                                           .

٣. ئەژدیهاو لوغز

لەئەفسـانەی ئۆدیبـدا ئەژدیهـایەک هەیە کە ئـاوی لە شـآری تیـبە گرتـۆتەوە و لوغزێکی هەیە هەرچی نەیزانێت دەیخوات ئۆدیب لوغزەکە حەلدەکات و بەسەریدا سەر دەکەوێت. (پـاش سـەرکەوتنی بەسـەر باوکیـدا ئۆدیـب سـەرکەوتنێکی تـر بەدەست دێنێت،پێش بگـاتە (تیـبە) ئەوجـارە بەسـەر وەحشـێکدا لە واقیعـدا وادەردەکەوێـط کە (سفینیکس) دڕندەیەکی مێینەیە وپێکهاتەیەکی سێیینەیە .ئەو مێیەی شێرە و تەیرەو شامارە لەیەک کاتدا ،هادیس یان ئاریس یان هێرا ناردبوویان بەمەبەستی سزادانی لایۆس کەتـاوانێکی کردبـوو ئـارەزووێکی دژی سروشـتی بەجـێ هێنـابوو .(سـفینیکس)لە لادێکـانی تیـبە دەژیـاو ئەو گەنجـانەی دەخـوارد کەبەردەسـتی دەکەوتـن و وەڵامـی پرسـیارەکەیان نەدەزانـی .ئۆدیـب وەڵامـی پرسـیارەکەی دایەوەو بەسـەریدا سەرکەوت.)(الرفاعی،٢١،٢٠١٩)لە ئەفسانە کوردیەکەدا نە ئەژدیها هەیە نە لوغز.

٤. زینای مەحرەم

لەئەفسانەی ئۆدیب دا ئۆدیب هاوسەرگیری لەگەڵ دایکیدا دەکات بێ ئەوەی بزانێت و چوار منداڵی لێ دەبێت ،(لێرەدا ئاڵۆزترین ڕووداوەکانی ژیانی ئۆدیب ڕوەدات کاتێ کە پـاڵەوان دەگـاتە تیـبە لەوێـدا ئەوەی بەسـەر وەحشـەکەدا سـەرکەوتووبێت شـاژنی پـێ دەبەخشن وەک لەزۆربەی حیکایەتەکان دا. ئۆدیب زوماوەند لەگەڵ جۆکاستادادەکات ، و لەسەرئەو بنەمایە حوکم دەگرێتە دەست ،بەڵام شاژن دایکی خۆیەتی ، ودواجار ئۆدیب ئەوەی بۆ ئاشکرادەبێت کەخۆی بەخراپترین تاوان تاوانبار کردووە )(ابراهام، ٩٦٥١، ٢٠٣- ٢٠٥ )

لە ئەفسانە کوردیەکەدا زینای مەحرەم بەدی ناکرێت ،دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاینی ئیسلام کە شتی وانابێت بە هیچ شێوەیەک ڕووبدات چۆنیەتی گەیشتنی ئەفسانەکە بەنەتەوەی کورد.

ئەفسـانەی ئۆدیـب مەکـانەیەکی دیـاری لائەدەبـی جیهانیـدا هەیە ،هەرلەسـەردەمی گریکەکـانەوە تـاکو ئێسـتا ئەو ئەفسـانەیە دەخوێنـدریتەوەو تەفسـیری جیـاوازی بۆدەکرێت ،ولەهەر خوێندنەوەیەکدا مرۆڤ شتیکی تازە دەدۆزیتەوە کەلەجارانی پێشوو بۆی دەرنەکەوت بوو ،جانهینی نەمری ئەو ئەفسـانەیە بەدرێژایی زەمەن دەبێ چی بێت و نهینـی گرینـگیدانی داهێنەرانـی شـانۆ لەو هەمـوو سـەردەمە یەک لەدوای یەکە بەم ئەفسـانەیە دەبـێ چـی بێـت ؟ لەکارەکانیانـدا چۆنیـان خوێنـدبێتەوە؟)(ابو عسـلی، ٢٠١٤ ،٣٣) ئۆدیـب هەر لە ئاسـتی شـانۆی

یۆنانی نامێنێتەوە بەڵکو لەگەڵ تێپەڕبوونی کات بۆ زمانانی تر وەردەگیردرێت و میللەتانی تر کاری لەسەر دەکەن چونکە (دەقە ئەدەبیە مەزنەکان خوێندنی جۆراوجۆرو بەئاستی جیاواز دەخوێندرێنەوە ،لەپێناو شۆڕبوونەوە بۆناو قووڵایی دەقەکەو چوونە ناو ناخیەوە ،وئاشکراکردنی نهێنیەکانی ، ناوەرۆکەکەی و وەستان لەلای ئیستاتیکاکەی و ئامانجەکانی)(س،پ)ئەفسانەی ئۆدیب کە شانسێکی زۆر بەرزی هەیە ولەلای نووسەرانی شانۆ بەچاوێکی بەرزەوە سەیرکراوە ڕەخنەگران و خوێنەران بەدرێژایی سەدەکان و مێژووی مرۆڤایەتی ،لەبەر ئەوهەمووو مانااو بیرو بەهاا مرۆڤایەتیانەی کەدەیانگرێتەخۆ لەهەمەدەسەردەمەکاندا خوێندراوەتەوەو ئیلهامی لێ وەرگیراوە ،و خوێندنەوەی جۆراوجۆری بۆکراوەو ڕەنگڕێژکراوە بەڕەنگی کتێبەکەو خوێنەران وسەردەمەکەی ،ونووسەران و فەیلەسوف و خوێنەرو زانایانی دەروونناسی لیی سوودمەند بوون میللەتی کوردیش ویستوویەتی وەک میللەتانی تر سوود لەو شاکارە ببینێت ،بۆیە ئەگەر بە کوردیش دەقی ئەفسانەکە بەردەست نەبووبێت ،ئەوا بەپێی شارەزاییان لە زمانی فارسی پەنایان بۆ دەقە وەرگێڕداوە فارسیەکان بردووەو خۆیان لێ تێراو کردووە.

**ئەنجام**

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا دەگەینە چەند خاڵێک کە وەک ئەنجامی توێژینەوەکە دەیانخەینە ڕوو؛-

١. لەهەردوو ئەفسانەکەدا دوو پادشای زۆردار هەن بۆ ڕێگری کردن لە چارەنووس ئامادەن هەموو تاوانێک ئەنجام بدەن ،هەر بۆ بەدیهێنانی ویستەکانیان دەستیان دەچێتە خوێنی دوو زارۆک و زامداریان دەکەن و لەساخ فڕێیاندەدەن بۆئەوەوی ببنە خۆراکی درندەکان .

٢. هەردوو منداڵەکە بەدەستی پاشاکان زامدار دەکرێن ،ئۆدیب هەردوو پاژنەی کون دەکرێت و لێک گرێدەدرێت و لە شاخ بەدارێک هەڵدەواسرێت ،منداڵەکەی چارەنووسیش پاشا زگی دەدڕێت و لە ئەشکەوتێک فڕێدەدرێت ،

٣. هەردوومنداڵەکە لە لایەن دوو شوانەوە ڕزگار دەکرێن ئۆدیب شوانەکەی لایۆس کە هەڵیدەواسێت شوانێکی تر دەیبینێت و مناڵەکە لەدار دەکاتەوەو دەیباتەوە دەیداتب بە پاشای شارەکەیان کە منداڵیان نییەو بۆخۆیان بەخێوی دەکەن . منداڵەکەی چارەنووس دوای ئەوەی بزنەکە دەچێتە ئەشکەوتەکە شوانەکە بەدوایدا دەچێت و منداڵەکە ڕزگار دەکات و دەیباتەوە و خۆی بەخێوی دەکات تا گەورەدەبێت .

٤. هەردوو منداڵەکە قەدەر ڕۆڵی نسەرەکی لەژیانیاندا دەگێڕێ و چارەنووسیان لەدەست خۆیانا نییە و هەرچی دەیکەن بە ویستی خۆیان نییە قەدەر بۆی داناون کەوابکەن .

٥. هەردوو منداڵەکە کە گەورە دەبن دەبن بە قارەمان ،ئۆدیب لەناو ژیانی میرایەتی دەبێتە پاڵەوانێکی بێ هاوتا ،منداڵەکەی چارەنووسیش لە ناو سوپای پادشا دەبێتە سوپا سالار .

٦. دواجار هەردووکیان دەبن بە پادشا ئۆدیب دوای ئەوەی باوکی دەکوژێت ، ئینجا ئەژدیهاکە دەکوژێت،خەڵکی تیبە لەپاداشتی ئەوە دەیکەنە پەدشا،منداڵەکەی چارە نووسیش دوای ئەوەی دەبیتە سوپا سالاکچی پادشا عاشقی دەبێت و شووی پێدەکات و کەپاشا دەمرێت دەبیت بە پادشا

٧. کاریگەری ئەفسانەی ئۆدیب زۆر بە ڕوونی لەسەر ئەفسانە کوردیەکەدا دیارە بوونی ئەوخاڵە هاوبەشانە بەڵگەن لەسەر کاریگەری ،بەتایبەتیش ئەفسانەی ئۆدیب بۆ زۆربەی زمانی میللەتان وەرگێڕدراوە ،لەوکاتدا گەر بۆ کوردیش وەرنەگێڕدرابێت ئەوا بە فارسی بەردەست بووە ،لەڕووی مێژوویشەوە ئەفسانەی ئۆدیب زۆر پێش ئەفسانە کوردییەکە هەبووە چونکە ئەفسانەی ئۆدیب لە ئۆدێسای هۆمیرۆس باس کراوە کە گەلێ پێش شا عەباس بووە ،کەواتە ئەفسانە کوردیەکە کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەفسانەی ئۆدیب

## سەرچاوەکان


١. ابراهام، د.کارل، تقاطع الطرق في اسطورة اوديب ، التحليل النفسى والثقافة ،طبعة بيو١٩٦٥

٢. ابو عسلى، د. برهان ،اوديب ملكا لسوفوكليس قراءة جديدة ،مجلة جامعة دمشق –المجلد ٣٠ –العدد ١+٢ -٢٠١٤

٣. احمد ،عثمان ، المصادر الكلاسيكية لمسرح توفيق الحكيم ،الهيئة المصرية للكتاب ،القاهرة ،١٩٧٨،٢-

٤. استييه،كوليت، اسطورة اوديب، ت،زياد العوده ،منشورات الهيئه العامه السوريه للكتاب ، وزارة الثقافة دمشق، ٢٠١٢

٥. اسماعيل، عزالدين ،قضايا الانسان في الادب المسرحى المعاصر ،دراسة مقارنة ،دار الفكر العربي

٦. البحوث، قسم الدراسات،الاسطوره تو ثيق حضارى ،دار كيوان، دمشق ، ٢٠٠٩

٧. بدوى، عبدالرحمن، تراجيديات سوفوكليس، المؤسسة العربية للدراسات والنشر بيروت، ط١، ١٩٩٦

٨. بشور، وديع ، الميثولوجيا السوريه ، دال للنشر والتوزيع ، دمشق ، ٢٠١٣-

٩. ديلكۆر، مارى ، اوديب ام اسطورة الظافر ، طبعة دروز ،١٩٤٤.

١٠. الرفاعى، حصة السيد زيد، اسطورة اوديب وأثها في التراث القصصي الشعبي، مجلة انساق، المجلد ٣ العدد ٢.

١١. رەحمانیان،داریوش، ئەفسانەی لوڕی (ئەفسانەی کوردی و بەختیاری و شوشتەری ) و .عەزیز گەردی، چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.

١٢. السواح، فراس،الاسطوره والمعنى، دار علاءالدين للنشر، دمشق ، ٢٠٠١

١٣. عبدالله، مصطفى، اسطوره اوديب فى المسرح المعاصر، الهيئه المصريه العامه للكتاب، ١٩٨٣، ٩-١٦

١٤. عثمان، احمد، الشعر الاغريقى تراثا انسانيا و عالميا، عالم المعرفة ٧٧، المجلس الوطنى للثقافة والفنون والاداب، الكويت،١٩٨٤، ٢٢٠

١٥. ميتوتيس جورج،العناصرالدينيه فى مسرحيه اوديب فى كولون، جامعه نوشتيل،١٩٤٠

١٦. ميوتيس، جورج، العناصرالدينية في مسرحية اوديب في كولون، جامعة نوشتيل،١٩٤٠

## پاشکۆ

## شاعەباس و چارەنووس

هەبوونەبوولەژێرئاسمانی شین لەخوا بەولاوەهیچ کەس نەبوو. لەسەردەمی کۆن پاشایەک هەبوو.ناوی شاعەباس بووهەرکاتێ یەکێ لەڕەعییەتەکانی نیگەران و گرفتار بایە شاعەباس دڵی دەگوشراو ژانی دەکردو دەیزانی یەکێ لە ڕەعییەتەکانی گیرۆدەی گرفتاری بووە،ئەوسا بەرگی دەروێشی دەکردەبەرو دەچوو بەناو کووچەو کۆڵاناندا دەگەڕا ،سەری بەهەمووجێیەکدا دەگرت تائەوکەسە یان ئەوماڵە گرفتارەی دەدۆزییەوەوگیروگرفتەکەی چارەسەردەکرد.ئەوحەلەدڵی دادەکەوت و دەگەڕایەوە کۆشک وسەرای خۆی .ڕۆژێ لەڕۆژان کە شاعەباس لە کۆشکی شاهانە دانیشت بوو ،خەریکی ڕاپەڕاندنی کاروباری لەشکرو وڵات بوو،لەپڕ دەتگوت تیرێکی بەدڵ کەوت .شاعەباس زانی دیسان یەکێ لە ڕەعییەتەکەی تووشی دەردو بەدبەختی هاتووە .خێرا هەستا بەرگی پاشایەتی داکەندو غەرگەی دەروێشی کردە بەرو کەشکۆڵ و تەورزینی بەشانی دادا و بەیا عەلی لەکۆشک وسەرا هاتودەرێ .شاعەباس ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتە کاولگەیەک دیتی پیرەمێردێک بەخۆو بەهاوسەری دووگیانی لەوێ دەژین .پیرەمێرد دەروێشی داوەت کرد بۆئەوەی شەولەکاولە زنجەکەی بەسەر ببا دەروێش قەبوولی کردو لەوێ مایەوە . بەڕێکەوت هەر ئەو شەوە هاوسەری پیرەمیردەکە لەسەر مانگ و ڕۆژی خۆی بوو ژانی گرت و دوای چەند سەعاتێک سکەکەی داناو کوڕێکی بوو .شآعەباس لە گۆشەیەکی ماڵەوە بە هێمنی پاڵی دابووووەوە تەماشی ناو ماڵەکەی دەکرد .دیتی بەو تاریکە شەوەیەکێ بەسەرینگانیدا تێپەڕی چوو لەسەر سەری زەیستان و کۆرپەلەکە وەستاو دوای نەختێ گەڕایەوە و خەریک بووبەکوێدا هات بوو بەوێدا بڕواتەوە شاعەباس لێی ڕاپەڕی وتوند مەچوکی گرت هەرچەندی

کابرا کردی ئەم مەچەکی بەرنەداوبەرنەدا ئەوەندەی کابرا پیی داگرت و پاڕایەوە کەڵکی نەبوو. شاعەباس گوتی ؛تاپێم نەڵێی تۆ کێی و بۆچی هاتوویتە ئێرە بەرت نادەم.کابرا کەدیتی شاعەبا بەری نادا گوتی؛ئەی کابرا چاک بزانە من (چارەنووس) م هەرکەسێ کەتازەدێتە دنیاوە

دەچمە سەرسەری وچارەنووسی خۆی چییە بۆی دەنووسم شاعەباس کە ئەم قسەی بیست گوتی؛- کەواتە پێم بڵێ بزانم دوا ڕۆژی ئەم منداڵە چییە؟!

چاردنووس گوتی؛-ئەمە ڕازێکە من ناتوانم بەتۆی بڵێم.

شاعەباس گوتی؛-تاپێم نەڵێی دەستت بەرنادەم.

چارەنووس هەر نکولی کردو شاعەباس هەر سوور بوو تا ئاجیری چارەنووس ڕازی بوو گوتی ؛- بزانە ئەم کوڕە بەختێکی زۆر گەورەی هەیەو دوا ڕۆژ لەگەڵ کچی شاعەباس زەماوەند دەکا ،کەئەویش تازە هەر ئێستا لەدایک بووە.

چارەنووس کە قسەکەی تەواو کرد گوتی ؛- دەوجا دەستم بەردە دەبێ بڕۆم چارەی منداڵانی تر بنووسم.

شاعەباس تاساودەستی چارەنووسی بەرداو داڵغە بردییەوەزۆر پەست بوو لە دڵی خۆیدا گوتی ؛- ئاخر چۆن دەبێ کچی من کە پاشام لە گەڵ کوڕی کابرایەکی هەژارو کڵۆڵ زەماوەند بکات ؟ نەخێر ،بەهەر جۆرێک بێ دەبێ ڕێ لەم کارە بگرم .

بەکورتی شاعەباس تا بەیانی نەنووست و بیری کردەوە وچارەیەک گەڕا کەسبەینەداهات چووە لای پیرەمێردی خانە خوێ و گوتی ؛-وەرە ئەم کوڕەیەت بەمن بفرۆشە هەرچی دەتەوێ دەتدەمێ.

پیرەمێرد گوتی ؛- ڕاستە ئێمە هەژارو بێچارەین ،بەڵام کۆرپەی خۆمان خۆش دەوێ ،ناتوانین بیدەینە دەست تۆ کە نازانین دەیبەیتە کوێ ؟

شاعەباس گوتی ک- بەڵام ئێوە بەم وەزع و گوزەرانەتان لە حۆدەی بەخێو کردنی ئەم کۆرپەیە نایەن هەر ئەوەتا سکی خۆتان پێ تێر دەکرێ . وەرن ڕازی بن ،من پڕ کەشکۆڵەکەم دراوم پێیە هەمووتان دەدەمێ . کابرا خۆت و ژنەکەت دەتوانن منداڵی ترتان ببێ.

بەکورتی شاعەباس ئەوەندە پێی داگرت تا پیرەمێردو ژنەکەی ڕازی بوون کۆرپەکەیان پێ فرۆشت.

شاعەباس کۆرپەکەی وەرگرت وبردیە چییایک ولەوێ` بەشمشێر ورگی دڕی و فرێی دایە ناو ئەشکەوتێک و ڕۆیشت ،بەڵام بەکاری خوا هەر ئەو ڕۆژە مێگەلێک بەلەوەڕ هاتبووە ئەو ناوە ، بزنێک دابڕاو چووە ناو ئەشکەوتەکەو شیری دایە کۆرپەلەکە ، شوانەکە لە قاڕەقاڕی بزنەکە ئاگادار بووەوەو چووە ناو ئەشکەوتەکەو کۆرپە

بریندارەکەی هەڵگرتەوە و بردییەوە ماڵێ ورگی دووریوومو تیماری کرد .چەند ساڵێک پێ چوو ، کورەکە گەورە بوو بەرۆژ لەگەڵ شوانەکە دەچووە چۆلەوانی و.مێگەلەکەی دەلەوەراند .ۆرۆژ لەرۆژان شاعەباس بەو ناوەدا تێپەڕی و چاوی بەمێگەلەکە کەوت و لایدا ئەوێ ،کەکورەکەی دواند هەوەسی بە شێوەی قسەکردنی هات و داوای لە شوانەکە کرد ئەو کورەی پێ بسپێرێ بۆئەوەی ببێ بە چایچی تایبەتی کۆشکی شاهانە شوانەکە ڕازی بوو کورەکەی ڕەوانەی کۆشکی پاشا کرد . کورەکە کە کەوتە ناو کۆشکی پاشاَ وردە وردە دڵی لەپاشا سەند تاوای لێهات لە جیباتی چایچی بووبە سوپاسالار ،کچی شآعەباسیش ؛کەئەشقی ئەو کورەببوو داوای لە باوکی کردبیداتە کورەکە ،بەکورتی کوڕی شوانەکە بووبەزاوای شاعەباس . شەوی پەردە کچی شا دیتی سکی کورەکە جێی برینێکی کۆنی پێوەیە بۆ سبەینێ ئەمەی بۆ باوکی گێڕایەوە .شآعیباس لەدووشوانەکەی نارد و مەسەلەی برینی ورگی کورەکەی لێ پرسی ،شوانەکە ش بۆشای باس کرد ئەم منالەی لە ئەشکەوتێک هەڵگرتۆتەوە . شآکە هەقایەتەکەی بیست کڕنۆشی سوپاسبژێری بردولە خوا پاڕایەوە لەو گوناهەی کردوویەتی لێی خۆش بێ و زانی بەخت و چارەنووس لێ دەرباز دەربازبوونیان نییە ل٥٢- ٥٥

**ئەفسانەی ئۆدیب**

ئەفسانەی ئۆدیب لە کۆنترین ئەفسانەکانی یۆنانە، کەشآنۆی کلاسیکی یۆنانی پێی ئاشنا بووبێت و هەتا ئێستاش لەنێوانماندا دەژی . ئەفسانەی ئۆدیب کە لە ئۆدێسا هۆمیرۆس باسی کردووە ،کورتەکەی باس لەوەدەکات کە پاشای (تیبە) کەناوی (لایۆس) بووە لەلایەن هاووڵتیەکانیەوە شاربەدەر دەکرێت و هەڵدێت و پەنا دەباتە بەر پاشای مەملەکەتێکی ترکە (تەنتاڵە)یە ،پاشاکە(پیلۆبس) دەیپاریزێت، لایۆس لەبری ئەو چاکەیە کورەکەی کەناوی(کریسیبۆس) بوو دە ڕفێنێت و ئەتکی دەکات ،دواجار دەگەڕێتەوە تیبە و دەسەڵات وەردەگرێتەوە ، و هاوسەرگیری لەگەڵ (جۆکاستا ،یاخود بوکاستی یان بیکاستی کچی مینۆسیۆس ونەوەی خیۆن سپارتا) دەکات.ماوەیەک (لایۆس) لە خۆشیەکی بێ وێنەدا دەژی کە تەنیا کەموکوڕیان بێ منداڵییە. بەڵام خواوەند لەو تاوانە گەورەی (لایۆس) خۆش نەبووکە لە گەڵ پاشای (تەنتاڵە) کردبووی،و سوور بوو کە سزای بدات . بۆزانینی هۆکاری وجاغکوێرییەکە پەنا بۆ پەرستگادەبات .(ئەپۆلۆ) هۆشداری پێدا کە ئەو کورەی کەلە جۆکاستا دەیبێت ،لە دواڕۆژا لایۆس دەکوژێت و جۆکاستای دایکی مارەدەکات ،بۆیە (لایۆس) ماوەیەک خۆی لەو مندال بوونە پاراست بەڵام کەس لەدەست چارەنوس ڕزگاری نابێت،و هەردەبێت ئەو منداڵە ببێت ، بۆیە کە منداڵەکەیان بوو(لایۆس) هەستی بەو ترسە کرد کە بەرێوەبوو ، بۆیە بریاریدا خۆی لەدەستی رزگار بکات ،بۆیە هەردوو پاشپانی کون کرد بەیەکەوەی بەستایەوە ،و دایە

شـوانەکەی کە بیبـاتە سـەر شـاخی (کیتـاریۆن) و جێـی بهێڵێـت بـۆئەوەی دڕنـدە بیخـۆن ، بەمەش لەو سـزایە دەردەچێـت کە خواوەنـد بـۆی دانـابوو .بەڵام خواوەنـد ئاگـادار بـوو لە پلانەکەی لایۆس بۆیە منـداڵەکەی پاراست ،پاش ئەوەی شوانەکە منـداڵەکەی بەدارێکەوە هەڵواسـی،منداڵەکە دەگریـت .وارێکـدەکەوێت کە شـوانێکی تـر کە خەڵکـی شـاری (کۆرێنتە )یە گوێی لـێ دەبێت و منـاڵەکەلە مـردن ڕزگـار دەکات دەیبـاتەوە بـۆ پاشـاکەی (پۆلیـپ) و خێـزانەکەی (میـرۆپ) کەمنـداڵیان نابێـت .منـاڵەکە نـاودەنێن (ئۆدیـب) کە وشەیەکی یۆنـانی کۆنە بەواتـای (پـێ ئاوسـاو) ،دەیـکەن بەکوڕی خۆیـان .منـاڵەکە گەورە دەبێت و بێ ئەوەی بزانێت بە پاشا دەڵێت بـابە و بە شـاژنیش دەڵێت دایە ،بێ ئەوەی ڕاستەقینە بزانێت .ڕۆژێک لەڕۆژان هاوڕێیەکی سەرخۆس دەبێت وبەئۆدیب دەڵێت کە تۆکوڕی پاشـا نیت و هەڵگیـراوەی ،شـوانەکەیان تـۆی دۆزیـوەتەوە .(ئۆدیـب) یەکسـەر دەچێـت بـۆ پەرسـتگای (دەلفی) بۆئەوەی حەقیقەتی ڕەسەنی خۆی بزانێت .لەوێدا کاهینەکان پێی ڕادەگەێنین کە ئەو کەسێکی بەدبەخت و نەگبەتە لەچارەی نووسراوە کە دەبێت بـاوکی خۆی بکوژێت و هاوسـەرگیری لەگەڵ دایکی خۆیـدا بکـات .و نەداری و دەردو هەژاری بـۆ شـارەکەی بێنێـت .بەڵام خواوەند پێـی نەوی کە دایـک و بـاوکی کێن .(ئۆدیب) وای زەن دەبـرد کە دایـک و باوکی ئەو دووکەسەن کە لەگەڵیانا دەژی ،بۆیە لەو شارە(کۆرێنتە) ڕایکرد تاکو لەدەست ئەو چارەنووسـە ڕزگـاری بێـت ،لەڕێگـایەکی تەنـگەبەردا پەیتونێـک ڕووبەڕووی هـات کە پیاوێکی پیری لەسەر بوو کۆمەڵێک خزمەتکاریش لەدەوری بوون یەکێکیش لە پێشەوە دەڕۆیشت ،داوای لە (ئۆدیـب) کـرد ڕێگەیـان بەردابـۆئەوەی تێپەڕن،بەڵام ئۆدیب ڕێگەی نەدان لەگەڵ ئۆدیـب تێکئـالان ،بـوو بە شـەڕیان (ئۆدیـب) هەمووییـانی کوشـت بە پاشاشـەوە تەنیـا کەسێک نەبێت کە زراوی چووبوو بەرەو شار هەڵات کە هەواڵی کوشتنی پاشا بگەیەنێت ،ویستی خواوەند وابوو کە پیاوەپیرەکەی سەر گالیسکەکە (لایۆس) ی پاشـای (تیبە) بێت . کە دەچـوو بـۆ پەرسـتگای (دەلفـی) بـۆ ئەوەی لەخواوەنـد بپرسـێ کە چۆن لە دەسـت ئەو حەزیـایە (سـفینیـکس) ڕزگاریـان دەبێـت کەچـی خـۆی تیـا چـوو. ئۆدیـب نەیـدەزانی کە بە کوشتنی ئەو پیاوە پیرە یەکەم شتی جێبەجێ کرد کە لەچارەنوسی نوسـرابوو، ڕووی کـردە شاری (تیبە) ، کە گەیشتە شاری تیبە بینی خەلک هەموو زراویان ڕژاوە لەترسی درندەیەکی ناوازە(سفینیکس) کە جەستەی مێیەی شێرەو سەری ژنەو سینگ و مەمکیکی زلی هەیو وەک مەل جـوتێ بـاڵی هەیە .لەدەرەوەی شـار لەسـەر کەڤرێکـی مەزنە و ڕێگـا لە ڕێبـواران دەگرێت و لوغزێکیان لێ دەپرسێت ،هەرچی بتوانێت وەڵام بداتەوە لێی دەگەڕێت بچێتە نـاو شـار و ئەوەی نەش زانێـت دەیکوژێـت .خەڵکـی تیـبە مـاوەیەکی زۆر لەگەڵ ئەو ترسـە ژیـان .خواوەند ویسـتی وابـوو ئۆدیـب ڕووبەڕووی ئەو عەزیـایە ببێتەوە و هەمـان پرسـیاری لـێ بکرێت کە لەکەسـانی تـر دەکـرا ،ئەویـش ئەوبـوو :-ئەو ئـاژەڵە چییە کە بەیانیـان لەسـەر چوار پەل

دەڕوات و نیوەڕۆیـان لەسـەر دوو پەل و ئـیـواران لەسـەر سێ پەل دەڕوات .؟ ئۆدیـب وەڵامـی دایەوە کە ئەوە مـرۆڤە کەلەدایـک دەبێت لەسـەر دەسـت و قـاچی دەڕوات ،کەگەورەبـوو وقـایم بـوو لەسەر قاچەکانی دەروات ،کە پیربوو بێ تاقەت دەبێت و پێویستی بە دارێک دەبێت لە گەڵ قاچەکانی دەبن بە سێ ، ئۆدیب یەکەم کەس دەبێت کە وەڵامەکە بەڕاستی بداتەوە ،،بۆیە سـفینیکس لەڕقـا لەسـەر کەڤـرەکە خـۆی هەڵـدەداتە خـوارەوەو دەمریـت .ئـۆدیبیش دیـاری سـەرکەوتنەکەی وەردەگرێـت کە (کریـۆن) ی بـرای (جۆکاسـتا) داینـابوو هەرکەسـێ (سـفینیکس) بکوژێـت دەبێـتە پاشـای تیـبەو جۆکاسـتا دەبێـتە هاوسـەری .ئۆدیـب جۆکاسـتادەهێنێت بەبـێ ئەوەی بزانـێ دایکییەتـی ، و بەم هەنگـاوەی بـرگەی دووەمـی نەفرەتەکەی خواوەندی جێبەجێ کردووە، ماوەیەک ژیان بەخۆشێ بەسەر دەبەن چوار منالْیان دەبێت دوو کوڕ ( ئینـۆکلیس و پـۆلینێکس) و دووکـچ (ئەنتیگۆنـا و ئـایسـمین)،بەڵام ئەو خۆشییەی کە ئۆدیب و ژنەکەی و میللەتەکەی تیایا دەژیان تاسەر بەردەوام نەبوو ، نەخۆشی تاعون بڵاو بووەوەو خەڵکێکی زۆری لەناوبرد . ئۆدیب هەوڵیدا میللەتەکەی لەو نەخۆشییە ڕزگار بکات ،بۆیە(کریۆن)ی برای جۆکاستاو گەورەی کاهینەکانی نارد بۆ پەرستگای ئەپۆلۆ بۆ ئەوەی ڕێگا چارە لە خواوەند بپرسێت بۆ ڕزگار بوون لەو ئازارەی کە شارەکە پێیەوە دەتلایەوە .بەڵام گەورەی کاهینان بە هەواڵێکی زۆر سەیر گەڕایەوە ،ئەویش ئەوەبوو کە ئەم نەخۆشـییە سـزای خواوەنـدە بۆسـەر ئەم شـارە هەتـا ئەو شـتە پیسـە لەنـاو دەبەن کەلەناویانـدایە ،ئەویـش بکـوژی لایۆسـە .ئۆدیـب زۆر بە چـالاکی بەدوای ئەو بکـوژە دەگەرابۆئەوەی بیدۆزێتەوەو سزای بدات ،ئەوسا نەفرەتی خواوەند لەسەر شارەکە لادەچێت وجـارێکی تـر بەشـادی دەژیـن ،ئەو گەڕانە زۆری نەبـرد ئۆدیـب بـۆی دەرکەوت کە خـۆی (لایۆسی)کوشتووە کەباوکی خۆیەتی و جۆکاستای ژنی دایکیەتی،هەموو خەڵکیش بۆیان دەرکەوت کە ئۆدیب تاوانبـارەکەیە وهۆکـاری ئەو نەهـامەتییەیە ،ئەوسا ئۆدیـب و جۆکاسـتا بۆیـان دەرکەوت هـیچ دەسـەلاتێک نیـیە لەبەرامـبەر قەزاوقەدەرونـاتوانن لەدەسـت چـارەنووس ڕابـکەن .لەبەرامـبەر ئەو وێـنە کـرێتە شـەرمەزارو دەستەوەسـتان چاویـان شـۆرو توانـای سەیرکردنی کەسیان نەبوو . بۆیە دواجار جۆکاستا خـۆی هەڵدەواسێ و کۆتـایی بەژیـانی خۆی دێنێت وئۆدیبیش چاوەکانی خۆی کوێردەکات وخوێن لە هەردووچاوی فیچقە دەکات .دواجار ئۆدیی کە ئەنتیگۆنا دەستی گرت بوو خوێن لەچاوەکانی دەهاتەخوار بە (کریۆن) ی خـالّی خـۆی و منـدالّەکانی گـوت کە ئاگـاداری منـدالّەکانی بێـت .بەم جـۆرە کۆتـایی بەونەفرەتیەدێت ونەگبەتی بەرۆکی بنەماڵەی لایۆس بەردەدات.

# تأثير وانعكاس أسطورة أوديب على أسطورة (الملك عباس والقدر) باللهجة اللورية الكردية

**الملخص**

انطلاقا من كون الأسطورة فكرا وفنا وتاريخا فإنها تشكل خطابا, يمكن القول بأنه أدبي، فهي تمتزج بالتاريخ والأساطير مما يجعلها خطابا أدبيا، وهذا الخطاب الأدبي يوسع آفاق الخيال من خلال الأحلام ويتضمن تفسيرات مختلفة، ولكل أمة نصيبها من هذا العمل الأدبي، فاليونانيون لديهم ثقافة أسطورية غنية، ومن أشهر أساطيرهم أسطورة أوديب التي قدمتها كل الأمم بما في ذلك الأكراد كمسرحية، وتوجد أساطير مماثلة عند الألبان والهنود والعرب والإيرانيين، ويمكن رؤية أسطورة مماثلة في الأدب الكردي، أسطورة "الملك عباس والقدر" هي أسطورة كردية باللهجة اللورية تشبه أسطورة أوديب في كثير من النواحي، على سبيل المثال من حيث البطل والأحداث والمخلص. إن أهم نقطة تشابه بين الأسطورتين هي أن القدر يلعب دورا رئيسيا في كل من الأسطورتين بحيث أن ما يحدث لكلا البطلين ليس في أيديهما ويحدده القدر. يتكون بحثنا من خلاصة ومقدمة وقسمين. القسم الأول نظري ويناقش الأسطورة من حيث المفاهيم والمصطلحات وكذلك خصائص الأسطورة وأسطورة أوديب وعرض الآراء المختلفة. كما يناقش هذا الجزء صحة أوديب ونظيراتها. أما القسم الثاني من الدراسة فهو عبارة عن مقارنة بين أسطورة أوديب وأسطورة القدر باللغة الكردية. المقارنة من حيث القدر والشخصيات والأحداث والمتنبئين. كما يناقش الاختلافات بين الأسطورتين وكيف وصلت الأسطورة إلى الأمة الكردية. . وأخيراسيتم عرض الاستنتاجات والمراجع وملخص البحث باللغتين العربية والإنجليزية.

**الكلمات الدالة:** *أسطورة، أوديب، أسطورة (الملك عباس والقدر)، باللهجة اللورية الكردية، القدر.*

**The Influence and reflection of the myth of Oedipus on the myth (King Abbas and Fate) Kurdish Lori Dialect**


**Abstract**

Based on the fact that myth is thought, art and history, it forms a discourse that can be said to be literary. It blends with history and mythology making it a literary discourse. This literary discourse expands the horizons of imagination through dreams and includes various interpretations. Each nation has its own share of this literary work. The Greeks have a rich mythological culture. One of their most famous myths is Oedipus, which has been presented as a play by all nations, including the Kurds. Similar myths are found among Albanians, Indians, Arabs and Iranians. A similar myth can be seen in Kurdish literature. The myth of "King Abbas and Fate" is a Kurdish myth in the Lori dialect that is similar to the myth of Oedipus in many ways, for example, in terms of the hero, events and savior. The most important point of similarity between the two myths is that fate plays a major role in both myths so that what happens to both heroes is not in their hands and is determined by fate. Our research consists of a summary, an introduction and two parts. The first part is theoretical and discusses myth in terms of concepts and terms, as well as the characteristics of myth and Oedipus's myth and different opinions are presented. This part also discusses the authenticity of the Oedipus and its counterparts. The second part of the study is a comparison between the myth of Oedipus and the myth of fate in Kurdish. The comparison is in terms of destiny, characters, events and predictors. It also discusses the differences between the two myths and how the myth reached the Kurdish nation. Finally, the conclusions, references and summary of the research will be presented in Arabic and English.



**Keywords:** *myth*, *Oedipus*, *myth (King Abbas and Fate), Kurdish Lori Dialect*, *Destiny*.